












**– قازی محەممەد: لێرە نارۆم**

**– سەدری قازی: ناپاکیمان قبوول نەکرد**

**– وەزیرێک لەبەردەم پەتی سێدارەدا**

---

**– مەحموود ئاغا کوڕی سەیفی قازی هەڤپەیڤین؛ کاوە ئەمین**

**– منیرە قازی محممەد؛ هەڤپەیڤین؛ کاوە ئەمین**

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# ناوەڕۆک:

– وردەکاریی دادگاییکردنی قازی محەمەد و هاوڕێکانی.................................... پەیسەرپریس

– سەدری قازی، یەکەم بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆماری کوردستان............................ پەیسەرپریس

– سەیفی قازی لە بازرگانییەوە بۆ وەزیری جەنگی کۆماری کوردستان........................... پەیسەرپریس

– مەحموود ئاغای کوڕی سەیفی قازی: وشەی پێشمەرگە لەلایەن باوکمەوە داهێنرا.......... هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین

– مونیرە قازی محەممەد: دەوڵەمەندەکانی سابڵاغ ئامادەنەبوون پارەی پارێزەر بۆ قازی محەممەد بدەن............

................................................................. هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین

## وردەکاریی دادگاییکردنی قازی محەمەد و هاوڕێکانی




هەرکات قسەو باس دێتە سەر ئەوەی باس لە قۆناغێکی گرنگی مێژووی کورد بکرێت یەکسەر مرۆڤ هزری دەچێتەوە سەر کۆماری کوردستان و لەناو ئەو کۆمارەشدا چاوی دەچێتە سەر کەسایەتی سەرۆک کۆمار (پێشەوا قازی

محەمەد)، قازی محەمەد دادوەر و دامەزرێنەر و سەرۆک کۆماری کوردستان ساڵی ١٩٠٠ و هەندێکی دیکەش دەڵێن (١٩٠١) لە مهاباد کە پێی گوتراوە سابڵاخ لە دایکبووە، کەسایەتیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی و ئاینی و عەشایەریی بووە، چەند زمانی زیندووی جیهانی زانیوەو دوای مردنی باوکی لە شوێنەکەی قازیەتی کردووەو پێش لە دروستبوونی کۆمار بەڕێوەبەری فەرمانگەی رۆشنبیری مەهاباد بووە، ئەو هەر لەسەرەتای تەمەنیەوە بیری نەتەوایەتی لە مێشکیدا بووەو لەو پێناوەشدا خەباتی بنەماڵەییان هەبووە.

بە پێی سەرچاوەکان ساڵی ١٩٤١ قازی محەمەد نەخشەیەکی کوردستانی کێشابوو بە جۆرێک خۆی باوەڕی پێی هەبوو، ئەم نەخشەیە هەمیشە لە ژوور سەری خۆی هەڵیدەواسی، وەک ئەوەی کە باوەڕی بەو ئاڵایە هەیەو دەبێت خەباتی لە پێناودا بکات، بۆیە پێویستە هەمیشە لەبەرچاویدا بێت، پاشان ئەو نەخشەیەی خستە بەردەستی خەڵک تا ئەوانیش وادار بکات بەو بۆچوونە، سنووری ئەو نەخشەیە پێکهاتبوو لە بەشێک لە خاکی فەرمی وڵاتەکانی (ئێران و تورکیا و عێراق)، واتە هەندێک لەو بەشە کوردستانیانەی کە لە سنووری ئەو وڵاتانەدا هەن.

دوای ئەوەی ئەونەخشەیە لەناو خەڵکیدا بڵاوکرایەوەو دەنگدانەوەی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا، قۆناغی دووەمی کارکردن بەرەو سەربەخۆیی، بریتی بوو لەوەی ئاگادارییەک لەشاری مەهاباد بڵاوکرایەوە کە هەرکەسێک خزمەتی سەربازیی کردبێت، بچێتە بارەگای حیزب و دوای تۆمارکردنی ناوی چەک وەربگرێت و ببێتە سەربازی کوردستان، پاش چەند رۆژێک لە چەکدارکردنی خەڵکی ناوچەکە و دروستبوونی جۆش و خرۆشی تایبەت بەو هەستە نەتەوایەتیە، یەکێکی دیکە لەو هەنگاوانە ئاڵای ئێران لە سەر هەموو تەلارو بینا دەوڵەتیەکانی شاری مەهاباد هێنرانە خوارەوە لە بری ئەو ئاڵایەکی دیکەیان هەڵواسی کە لە سێ ڕەنگی (سوور و سپی و سەوز) پێکهاتبوو لەناویدا نیشانەکانی (گەنم، هەتاو، قەڵەم)ێک هەبوو، ناوی ئەم ئاڵایەشیان نابوو (پەرچەم - ئاڵا)ی کوردستان، بە هەڵکردنی ئەو ئاڵایە هەنگاوێکی دیکەی دڵخۆشکەر نرا، پاش چەند رۆژێک قازی محەمەد سەرۆک عەشیرەت و دەسەڵاتدارە ناوخۆییەکانی لە بارەگای (فەرمانداریی کۆن) دا کۆکردنەوەو بە ئامادە بوونی ئەوان (حکومەتی جمهوری کوردستان)ی ڕاگەیاند و داوای پشتگیری تەواوی لێکردن و ئەگەرەکانی سەرکەوتنی ئەو هەنگاوە بە گەشبینییەوە بۆ ڕوون کردنەوە، دوای ئەویش (محەمەد حسین سەیفی قازی) وەک ژەنراڵێکی سەربازی و بە جل و بەرگی سەربازییەوە ناساند و ئەویش بەناوی سەربازانی دیموکراتەوە ڕێگەی بەخۆیدا کە (قازی محەمەد)وەک پێشەواو و سەرۆکی حکومەتی کوردستان ناوزەد بکات(ئەڵبەتە دبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە نازناوی پێشەوا قازی محەمەد پێشووتر بۆ خۆی هەڵیبژاردبوو نوسین و بیروڕاکانی خۆی بەو ناوەوە بڵاو دەکردەوە).

### دامەزراندنی کۆمارەکە بە پێکهاتنی ١٣ وەزارەتی گرنگ بوو بەم شێوەیە

- حاجی بابەشێخ ، سەرۆک وەزیران.
- محەمەد حوسەینی سەیفی قازی وەزیری جەنگ.
- محەمەد ئەمینی موعینی وەزیری دەوڵەت.
- ئەحمەدی ئیلاهی وەزیری ئابووری.
- کەریمی ئەحمەدین وەزیری پۆستەوگەیاندن.
- حاجی ڕەحمانی ئێلخانی وەزیری ڕاوێژکاریی.
- مەنافی کەریمی وەزیری رۆشنبیریی.
- سدیقی حەیدەری وەزیری ڕاگەیاندن.
- خەلیل خەسرەوی وەزیری کار.
- حاجی مستەفا داودی وەزیری بازرگانی.
- محەمەد وەلی زادە وەزیری کشتوکاڵ.
- ئیسماعیل ئێلخانی زادە وەزیری ڕێگاوبان.

بەڕێوەبردنی حکومەت بۆ ماوەیەکی کەم چۆن بووەو خاڵە بە هێزو لاوازەکانی هەرچی بوون لەم ڕاپۆرتەدا باس نەکراوەو تەنها ئەو شتانە نەبێت کە پەیوەندییان بە ڕوخانی کۆمارەکەو دادگایی کردنەکەیانەوە هەیە.

وەک شارەزایان باسی دەکەن لەکات و ساتی کۆماری کوردستاندا کۆماری دیموکراتی ئازەربایجان لە تەوریز دامەزرابوو، پشتیوانی هەردولاش لە لایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە دەکرا بەڵام کاتێک ئەو کۆمارە دەڕوخێت و سەرۆکەکەی بەرەو یەکێتی هەڵدێت ئیتر ئەرتەشی ئێرانی شاهەنشاهی یەکلایی دەبێتەوە بەرەو مەهاباد دەگەڕێتەوە، هەرچەندە سەدری قازی لە خولی چوارەمی پەرلەمانی ئێراندا وەک نوێنەری مەهاباد ئەندامی پەرلەمان بوو، پەیوەندیەکانی لەگەڵ قەوام سەڵتەنە زۆر باش بوو، بەڵام بەهۆی جیاوازی بیروڕای بەرپرسانی باڵای ئێرانی هیچی پێنەکرا. بەتایبەت لەگەڵ سەرۆک ئەرکانی ئەو کاتی سوپا - رەزم ئارا - کە ئەو پێی وابوو قازی محمەد و هاوڕێکانی جگە لە تاوانبارێک هچی دیکە نین.

وەک مێژوو نوسان باسی دەکەن جموجوڵەکانی قازی محەمەد و هاوڕێکانی کاتێک پێشەوا لەلایەن قوام سەڵتەنەوە بۆ تاران بانگهێشت دەکرێ و لە ڕێکەوتی ٢٨ کانونی دووەم ١٩٤٦ دەچێتە تاران، لەلایەن ژمارەیەک لە وەزیران، نوێنەرانی پارلمان و نوێنەری کوردەکانی تاران و نوێنەری حیزبەکان و یەکێتی کرێکاران لە فرۆکەخانە پێشوازی لێ دەکرێ.



سەرچاوە
Serchawe

ڕۆژنامەی (ایران ما) هەر ئەوکات دەنووسێ: ئێستا کە قازی محەممەد لە تارانە و ئازادیخوازان چاویان پێی کەوتوە، دەردەکەوێ کە بیر و ڕای ئەو جێگیرکردنی ئازادی و دیموکراسی لە تەواوی ئێران دایە و مافی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئینسانی بۆ نەتەوەی کوردیش لە گۆڕێدایە. هەر کارێک بە سوودی دیموکراسی بێ لەلایەن پێشەوای کوردستانەوە بە دڵەوە پێشوازی لێ دەکرێ. هیواداریـن جەنابی قەوام لەو سەفەرە مێژوویییە کەڵک وەرگرێ. ئەمە تێڕوانینی ئەرێنی ئەو سەردەمە بوو بۆ بوونی کۆمارو جموجوڵەکانی قازی محەممەد، بەڵام لە پشتی پەردەوە ڕوداوەکان بە جۆرێکی دیکە بوون، نەک هەر دوژمن، بەڵکو بەشێکی زۆریش لەوانەشی کەلەگەڵ قازی محەممەد بوون لەکاتی تەنگانەکەدا لەگەڵی نەمانەوەو پشتیان تێکرد.

لەو سەفەرەی قازی محەممەد بۆ لای قەوام سەڵتەنە لە تاران. دوای وتوویژی زۆر، تاران و کۆماری کوردستان بە خاڵێکی هاوبەش نەگەشتن و گرفتەکان چارەسەر نەکران. هەر بۆیە پاش ماوەیەک لەگەڕانەوەی قازی لە تاران هەڕەشەو چاوسورکردنەوەی ئەرتەش بەرەو زیاتر ڕۆشت، و بە دوای وەر گرتنی هێندێ بەڵێن بۆ یارمەتیدان لە ڕووخاندنی کۆماری مهاباد لە لایەن هەندێ لە سەرۆک عەشیرەتەکان، تەنانەت چەند کەس لەوانەی لەگەڵ قازی سەفەری باکۆیان کردبوو، تاران لە پێشدا هێرش دەکاتە تەوریز بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئازەربایجان و پاشان هێرش دەکاتە سەر کوردستان.، بەشێک لەوانە بۆ ئەوەی پێگەی خۆیان نەکەوێتە مەترسییەوە ژێربەژێری هەوڵیان دەدایە ئەرتەش و بەرپرسانی ئێرانی و شوێن پێی داهاتووی خۆیان خۆشدەکرد.

ئەرتەشی ئێران کە فورسترین ئامێری شەڕیان بەدەستەوە بوو، گۆڕانکارییەکان بە هەڵاتنی سەرۆکانی کۆماری ئازەربایجان بۆ سۆڤیەت کۆمارەکەیان ڕووخا و ئەرتەش شاری تەوریزی داگیر کرد. دوای ئەوەی ئەرتەش تەوریزی بۆ یەکلایی بوویەوە، بەرەو مهاباد بەڕێکەوت. لەو ئەو ناوچانەی دیکە لە باشوری مهابادا کە خۆیان بە بەشی کۆمار دەزانی و دەسەڵاتی تارانیان بە حکوومەتی ناوەندی نەدەزانی، واتە لە شارەکانی سنە، دیواندەرە، مەریوان هەتا نزیکی سەقز، لە چەند مانگ پێش ئەوە، هێزیان ئامادە کردبوو؛ بەڵام دوای تەوریز ئەرتەش هێزی نوێی لە ڕێگای قەزوێن بۆ سەقز نارد کاتێک گەیشتنە سەقز و لە ڕێگەی بۆکان بە یارمەتی هێندێ لە کوردەکانی سەربە حکوومەتی شا، ڕێگەی مهابادیان گرتە بەر.، هەربۆیە لێرەدا ڕۆڵی خیانەتی خەڵک بەرامبەر کۆمارەکەیان و پشتکردنە قازی محەممەد و شاری مەهاباد بەدەردەکەوێت.

قازی محەممەد وەک سەرۆک کۆمار دەستوور دەدات بە هەموو لایەک هەتا دەکرێت خۆیان لە شەڕ بپارێزن چون ماڵوێرانی پێوەیەو شەڕێکی نابەرامبەرییەو دۆخی ناوخۆی کۆمارەکەی و شارەکانی چواردەوری خۆشی دەزانی. ئەگەرچی لە پێناوی وڵات

هەمووان تێدەکۆشن، بەڵام بە هۆکاری جیاواز بێهەڵوێستی زلهێزەکان بە تایبەتی هێزەکانی سۆڤیەت و ئەمەریکا، زۆر بە خێرایی، لە ماوەی چەند ڕۆژ کوردستان داگیر کرایەوە. ئەگەر چی ئەو ڕەخنە لە قازی، وەک سەرۆک کۆمار و جێی متمانەی جەماوەر دەگیرێت کە بۆ ئەوندە پشتی بە یارمەتی سۆڤیەت بەستبوو کە بە دەستکێشانی لە پاڵپشتی کۆمار ئاوەها بە خێرایی کۆمار تێدا بچێت، بەڵام لەوەدەچێ گەورەترین هۆی ڕووخانی کۆمار یەکنەبوونی هێزەکاریگەرەکان بوویێت، تا ئەو ڕادەیە کە هێندێ کەس، هەتا سۆڤیەت کوردستانی چۆڵ کرد، نامەیان نارد بۆ تاران کە وەرن، ئێستە کاتی هێرشەو مەهاباد خۆی دەدات بەدەستەوە.

باس لەوە دەکرێت مەلا مستەفا بارزانی کە ئەوکات لە مەهاباد بووە، هەوڵی داوە قازی لەگەڵ خۆی بباتە دەرەوەو بەرەو سنوورەکانی ببات، تا گیانی خۆی و نزیکەکانی پارێزراو بێت، بەڵام قازی بەوە ڕازی نەبووە، پێی وا بوو دەبێ لە سەر بەڵێنی خۆی بمێنێتەوە. هەرچەندە قازی دەیزانێ کە بە زوویی کۆمارەکەی دەڕوخێت و دەبێت لە نێوان شەڕ یان خۆبەدەستەوە داندا یەکێکیان هەلبژێرێت، دەیزانی ئەو بەرپرسیاری گیانی خەڵکە، بۆ ئەوەی بەرگریی لە کوشتن و وێرانکردنکردنی مەهابادو دەوروبەری بگرێت، باشتر وایە خۆی بەدەستەوە بدات.

هەڵبەت سەبارەت بەوهەڵوێستە خەڵکێک ڕەخنەدەگرن کە ئایا ئەگەر قازی لەگەڵ مەلا مستەفا بڕۆشتایە، دواتر نەیدەتوانی قازانجی زیاتر بێت بۆ گەلەکەی؟ نەیدەتوانی فرسەتێکی تر وەربگرێتەوەو بە شیوازێکی دیکە بگەڕێتەوە ناویان، بەڵام لە کاتی ماڵئاوایی لەگەڵ مەلا مستەفا، و وەک جوابی ئەو پرسیارە دەڵێ: "من خۆم فیدای خەڵکی دەکەم و هیچ کات وەک (پیشەوەری) و (سەرانی ئازەربایجان) ناکەم تا وڵاتەکەم لە خوێن دا شەلاڵ بێت و هەزاران کەس بە کوشت بچن و خۆم زیندوو بمێنم.

ئەرتەش لەماوەی یەک هەفتە کەمتر دەگاتە مەهاباد وەک پایتەختی کۆمار و وەک ئەو شارەی دەسەڵاتی کۆماری تێدایە،. ئەگەرچی هەر لە سەرەتاوە قازی بۆخۆی و هەموو خەڵکیش دەیانزانی سزای قازی و هەڵسووکەوتی حکوومەتی تاران لەگەڵیدا چۆن دەبێ، بەڵام دادگایەک ڕێ دەخرێت و تێیدا قازی و ئەندامانی کۆمار بە چەند تاوانی سەرەکی دادگایی دەکرێن و لەوێدا کارەکانیان یەکلایی ناکەنەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی شەرعیەت بەکارەکەیان بدەن ڕێگەی دادگاییکردن هەڵدەبژێرن.

لیژنەی تایبەت کە لە تارانەوە هاتبوون بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ غۆلام حوسەین عەزیمی دەگەنە مهاباد و دادگا ڕێدەخەن.

**پرسیارەکانی دادگا ڕوون نەبوون. لە لایەن قازیەکانەوە (قازی محەممەد، سەدر قازی، سەیف قازی) هەموو تاوانەکان ڕەت کرایەوە و داوای بەڵگەیان دەکرد. بە پێی سەرچاوەکان ئەو تاوانانەی درابوون پاڵیان ئەمانە بوون:**

١- گۆڕین و دەستکاری کردنی نەخشەی وڵاتی ئێران ئەوەشیان بە بەڵگە هێنابوویەوەی کە قازی محەممەد نەخشەیەکی نوێی کێشاوە و باوەڕی بەو نەخشە نێو دەوڵەتییە نیە کە لە لایەن هەموانەوە باوەڕپێکراوو جێی بایەخە.

٢- ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و داگیر کردنی بەشێک لە خاکی ئێران بە ناوی کوردستان و بۆ ئەو مەبەستەش هیچ پرس و ڕایەکیان لەگەڵ حکومەت نەکردووە.

٣- بازرگانیکردنی نەوت لەگەڵ سۆڤیەت بە بێ ئاگاداری و ڕەزامەندی دەوڵەتی ناوەندی. هەروەها پێدانی نەوتی ئێران بۆ روسیەکان بە ڕێژەی ٤٩% بۆ ئێران و ٥١% بۆ سۆڤیەت، ئەمەش پێچەوانەی هەموو یاساو ڕێساکانی ئێرانە.

٤ - هێنانە ناوەی خەڵکانی بێگانەی بۆناو خاکی ئێران و پێدانی دەسەڵاتی ئیداری و سەربازیی پێیان لەوانەش (مەلا مستەفا بارزانی) کەوەک سەرکردەیەکی سەربازی لەناو کۆمارەکەدا کاری دەکرد.

٥- دانانی ئاڵای جیاواز بۆ کوردستان و هەڵگەڕاندنەوەی ئاڵای ئێرانە بە دەستکارییەوە.

٦- پەیوەندی دروستکردن و سەردانیکردنی قازی و هاوڕێکانی بۆ باکۆ و بەشداریکردنیان لە کۆبوونەوەو کۆنفراسی جیاواز بە بێ ئاگاداریی حکومەتی ئێران و ئەوەش بە پێچەوانەی یاساکانە.

٧- هەروەها کوشتنی ئەفسەر و سەربازی ئێرانی بەدەستی چەکدارەکانی ئەو کۆمارە.

زۆر جار دانیشتنەکانی دادگا زیاتر لە ١٨ کاتژمێری خایاندووە، لە میانەی ئەو دادگاییانەو بەرگری لە خۆکردندا چەندین نهێنی دیکە ئاشکرا دەبوون، دادگا بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ - پارسی تەبار - و داواکاری گشتی سەرهەنگ - فەرۆغی - پێکهاتبوو، دوای ئەوەی دادگا سەرجەم تاوانەکانیان لەسەر تەنها ئەو سێ کەسە جێکردەوەو گوێیان بە قسەی تۆمەتبارەکان نەدا و بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەرکرا، هێشتا خۆیان و خەڵکیش باوەڕیان وابوو (تەمیز)کردنەوەی

بڕیارەکە دۆخەکە دەگۆڕێت، چوون قازیەکان هیوایان بە نوێنەری کەمینەکانی پەرلەمان بوون و پێیان وابوو ئەگەر لە تاران پێداچوونەوە بەو بڕیارەدا بکرێت دەرئەنجامەکەی دەگۆڕێت، هەروەها قەوامولسەڵتەنەش دەتوانێت هاوکارییان بکات، قازیەکان خوازیاری ئەوە بوون دادگای تەمیز لەتاران پێکبهێنرێت، بەڵام دەستێک لە ئارادا هەبوو کە نەهێڵێت قازیەکان دەستیان بگاتە تاران هەربۆیە دادگای تەمیز ڕەوانەی مەهاباد کرا، ئەوەش بۆئەوەی ئەرتەش و دەسەڵاتی تاران لەناوچەکەدا بە تۆکمەیی دەربکەوێت، هەشتا ڕۆژ بوو دادگای سەربازیی فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ قازیەکان دەرکردبوو کە نوێنەرانی دادگای تەمیز بە سەرۆکایەتی - سەرهەنگ عەتائی - و ئەندامێتی داواکاریی گشتی سەرهەنگ - نکوزاد - و ئەندامێتی صلح جو، نەبەوی، هەروەها لەگەڵ خۆیان پارێزەری بەرگریکاریشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو.

قازی هەموو ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە و لە وەڵام دا دەڵێ ئاڵام داناوە بەڵام نە وەک ئەوەی ئەوان دەڵێن وەک ئاڵای سۆڤیەت. سەبارەت بە مەلا مستەفا بارزانی، ئەو بۆ خۆی هاتووەتە مهاباد و کەس نەیهێناوە، ئەو کوردە و کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە و هەر کوردێک بە ئارەزووی خۆی لە سەر هەر بستە خاکی کوردستاندا دەتوانێ بژی.

یەکێک لە تاوانەکانی سەرەکی سەدر قازی، جێگری سەرۆک کۆمار و برای قازی محەمەد نووسینی شیعرێکی گەرم بۆ بەخێرهاتنی بە مەلا مستەفا بارزانی بوو.

لە بەرەبەیانی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی ٣٠ی ئاداری ١٩٤٧) پێشەوا قازی، حەمەحوسێن خانی سەیف قازی (ئامۆزای پێشەوا) و ئەبولقاسم سەدری قازی(برای پێشەوا) بە دوای یەکدا حوکمدران و بڕیاردرا لە چوارچرای شاری مهابادا، واتە هەر لەو شوێنەی ٢٢کانوونی دووەم١٩٤٦) کۆماری کوردستان لێی ڕاگەیەندرابوو، لە سێدارە دران و شەهیدکران.

ڕۆژنامەی "ئازادی" کە لەو سەردەمدا لە بەغدا بە زمانی کوردی دەردەچوو، لەمەر پشتگیریی ئەمریکاو ئینگلیز لەو موحاکەمەیە نوسیبووی: "ئیستیعماری ئینگلیسو ئەمریکا لە وجوودی قازی محەمەد و هاوڕێکانیدا دوژمنی هەرە سەرسەختی خۆیان دەدی.

ئومێدیان هەبوو بتوانن بە چۆکیاندا بێنن‌و لە بەندیخانەش نوێنەرەکانیان چوون لەگەڵیان قسییانکرد تا بتوانن بۆ لای خۆیانیان رابکێشن و بەڵێنێکیان پێبدەن، بەڵام هیچکات سەرکەوتوو نەبوون. دواتریش ڕۆژنامەی "ئازەربایجان" لە باکۆ دەردەچوو نوسیبووی قازی محەمەد بە نوێنەری ئەمریکا (جورج ئالێن)ی گوتبوو، گەلی کورد چاوەڕوانیی هیچ چاکەیەکی لە



سەرچاوە
Serchawe

وڵاتانی ئیستیعماری نییە.

نەجەفقولیی پەسیان، دەڵێت: لە کاتی موحاکەمەدا قازی محەمەد پەلاماری دەبردە سەر سیاسەتو ئاکاری دەوڵەتی تارانو دەیگوت: من لە قوژبنی گرتووخانە دەنگی خۆم بەرز دەکەمەوە لە دژی دەوڵەتی تارانو سەرۆکەکانیو دەڵێم تاوانبار ئێوەن نەک ئێمە. ئێوە وڵاتتان لێ داگیر کردووین.

رۆژنامەنووسێکی دیکە بە نێوی "سلیمان.خ" لە نووسراوەکانیدا دەڵێت، قازی گوتی: تەواوی ئەم بەسەرهاتو رووداوانە ئاکامی سیاسەتی داگیرکەرانەی دەوڵەتە. ئەگەر دەوڵەت تەواوی کوردان بە خائین دەزانێ با دەست لەو مەڵبەندە هەڵبگرێ، ئەگەر بە نیشتمانپەروەریشیان دەزانێ با لێ بگەڕێ خۆیان کاروباری خۆیان بگرنە دەست.

لە بەڵگە و رۆژنامەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوودا زۆر شت لەم بابەتانە نووسراونو لە زمان ئەفسەرە ئێرانییەکانەوە دەگێڕنەوە کە قازی گوتوویە: "ئەو ڕوداوانە لە ئاکامی ئەوە دابووە کە ئێوە خۆتان قانوونی بنەڕەتیتان لەژێر پێ ناوە.

ئێستاش من تەنیا خۆم پەرەپێدەری دێمۆکراسی لە کوردستانمو هیچ هێزێکی بیگانە منی هان نەداوە. بێبەشیی کورد منی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارانە هان داوە. کاتێک سەرۆکی (دادگا یا دادستان) بە خیانەت قازی و هاوڕێکانی تاوانبار دەکات لە وەڵامدا دەڵێت: ئێرە ماڵی منە، خاکی کوردستان خاکی بابو باپیرو ئەجدادی منە چۆن دەتوانم دەستی لێ هەڵگرم؟

گۆڤاری "خەباتی قوتابیان" ژمارە ٣٧ لە زمانی (سەروان کیومەرس ساڵح) هەواڵنێری گۆڤاری (ئەرتەش) کە لەو کاتەدا لە دادگاکەدا بووەو دوایە لەسەر نووسینی راپۆرتێک لەو پێوەندییەدا دەگیرێو ساڵێک دەبەندیخانەدا دەمێنێتەوە، هەندێک لە وتەکانی پێشەوای بڵاو کردوەتەوە. بە پێی قسەی ئەو رۆژنامەنووسە پێشەوا گوتویەتی: "من لە زووەوە خۆم بۆ ئەوە ئامادە کردوە، بە باوەشی ئاواڵەوە پێشوازی لەو مردنە سەربەرزانەیە دەکەم کە لە ڕێگای ئازادیی میللەتەکەمدا دەکوژرێم. ئەوە بەڵێنێکە کە بە نەتەوەکەمم داوە لەگەڵیان بژیمو بۆ ئەوانیش بمرم، تازە چۆن ئامادەم بەڵێنی خۆم بشکێنم؟

سەروان کیومەرس هەروەها دەنووسێ: "من لە زۆربەی دادگاکانی مەیدانیو سەربازی وەک هەواڵنێر بەشداریم کردووە، بەڵام هەرگیز هیچ کەسێکم بە رادەی قازی محەمەد بە جەرگو بوێر نەدیوە. ئەو لە کاتی دادگاییکردندا نەیدەزانی ترس چییە. زۆر بە بێباکی قسەی دەکرد و وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە.

بە پێی هەندێک لە سەرچاوەکان کاتێک داواکاریی گشتی بە قازیەکانی گوتوە (کوردانی سەگ سفەت) قازی محەمەد زۆر تورەبووە و پەلاماری دادگاکی داوە، هەربۆیە بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک دادگایی دواخراوە. هەر ئەو بە جەرگیو لەخۆبردووییەش بوو کە لە پای سێدارە ئیزنی نەدا چاوی ببەستنو گوتی: حەز دەکەم لە ئاخرین چرکەی ژیانیشمدا بە سەربەرزیو چاوی کراوەوە لە نیشتمانی خۆشەویستم بڕوانم، پاشان گوتویەتی: ئێوە قازی محەمەدێک دەکوژن، بەڵام بزانن لە هەر تنوکە خوێنێکی من قازی محەمەدێک شین دەبێتەوە. داوا لە گەلی کورد دەکەم خەباتی خۆی لە پێناو رزگاریی کوردستاندا پەک نەخا، باوەڕ بە دەوڵەتی خۆفرۆشی تاران مەکەن. بژی کوردو کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیسەرپریس - ڕێکەوتی: ٣٠ی مارچی ٢٠٢١

## سەدری قازی، یەکەم بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆماری کوردستان




**پەیسەرپریس**

**کاتێک لاپەڕەکانی مێژووی کورد هەڵدەدەیتە، ناوی قازییەکانی مەهاباد لە گۆشە سەرەکیەکانیدا دەبینیتەوە، قازی محەمەد و سەیفی قازی برای و سەیفی قازی ئامۆزایان پێکەوە لە پێناوی گرساندنی کۆماری کوردستاندا خەباتیان کردو دواجاریش پێکەوە پشتیان لە خەڵکی مەهاباد نەکردو پێکەوەش لە سێدارەدران، هەرچەندە سەدری قازی وەسیەتی کردبوو کە لایی گڵکۆی باوکی لە خانەقای شێخی بورهان ئەسپەردەی بکەن، بەڵام جیایان نەکردەوەو پێکەوە لە مەهاباد ناشتنیان.**

**سەیفولوقوزاتی باوکیان لە لایەن شای ئێرانەوە زۆر ڕێزی لێگیراوەو هەر ئەو نازناوەی پێدراوە**

ئەبولقاسم سەدری قازی - برای قازی محمد - ساڵی ١٩٠٨ و هەندێک دەڵێن ١٩١١ لەشاری مەهاباد لەدایکبووە و هەر لە مەهابادیش خوێندویتی، زمانەکانی فارسی و تورکی و ئینگلیزیی بە باشی زانیوە، سەدری قازی بە وەرگێڕانی زمانی بێگانەی فارسی و ڕێنوێنی هەژار و نەخوێندەوارەکانی بێتاوانی کوردووە، لەبەر ئەوەی باری دارایی زۆر باشی هەبووە ئەو فەرمانبەرانەی کە خۆبەخشانە کاری فەرمانگەکانی کۆماریان بەڕێوە دەبرد ئەویارمەتی دەکردن. لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا خاوەنی جێگای ڕێز و خۆشەویستی بووە، سەیفولوقوزاتی باوکیان لە لایەن شای ئێرانەوە زۆر ڕێزی لێگیراوەو هەر ئەو نازناوەی پێدراوە.

سەدری قازی لە دەوورەی چواردەی گۆنگرەی شورادا، بەنوێنەری مەهاباد هەڵبژێردراوە. لەسەردەمی جوڵانەوەی دیموکراتی کوردستاندا، لەتاران نوێنەری کۆنگرەی شورای میللی بووە.

دوای پەلاماردانی کوردستان سەدری قازیش گیراو هێنایانەوە مەهاباد. کاتێک لەگەڵ براکەی پێشەوا و ئامۆزاکەی حەمە حوسێن خان لەچوارچرای مەهاباد هێنایانە ژێر پەتی سێدارەگوتی: "ئێمە بەتاوانی ئەوە دەکوژن، چونکە نەبووینە ناپاکی نەتەوەکەمان".

سەدری قازی نوێنەری شاری مەهاباد بووە لە تاران و لەوبوارەدا چەندین کاری کردووە بۆ دروستکردنی پەیوەندی کوردو دەسەڵاتدارانی ئێرانی تا لەو ڕێگەیەوە مافەکانی گەلی کورد بەدەست بهێنێت، بۆ ئەو مەبەستە چەندین دیداری گرنگی لە نێوان دەسەڵاتدارانی ئێران و قازی محمد و بەرپرسانی تری کۆمارەکە ڕێکخستووە، هەروەها ڕۆڵی هەبووە لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کۆماری میللی ئازەربایینجان کە هاوتەمەنی کۆماریی کوردستان بوو.

## لە مزگەوتی هەباس ئاغا لە مەهاباد قسەی کردووە و باسی پێویستی خۆ ڕاگریی لە بەرانبەر هاتنی هێزەکانی حکوومەتی ناوەندیی بۆ مەهاباد کردووە

وەک هەندێک لە سەرچاوەکان باسی دەکەن کە دوو نامەی تایبەتی سەدری قازیی هەیە کە لەم دواییانەدا بڵاوکرانەتەوە بایەخی گەورەیان هەیە، نامەی یەکەمیان کە بۆ کچەکەی (گەوەرتاج)ی ناردووە و تیایدا ، ئەو ناتوانێت لای بمێنێتەوەو ڕایسپاردووە بچێتە تاران لەگەڵ دۆستێکی خۆیان بەناوی شامبەیاتی و دەقی نامەکەش بەم شێوەیەیە:

(ڕۆڵەم گەوەر تاجی سەدری قازی ئینشائەڵا سلامەتن. ئەمن هەر ئێستا لە تارانەوە گەیشتوومەتە مەهاباد، لە بەر ئەوەی دایکت لە تاران داوای کرد خات خەجیجی بنێرمە لای لەتارانێ پێویستە دەستبەجێ نێو براو ئامادە بکەن و لە خزمەت جەنابی ئاغای سەروان شامبەیاتی کە ئەم نامەیەتان دەداتێ بینێرن بۆ تارانێ و خەرج و مخاریجی ڕێگاش بدەن بە خات خەجیج) بە پێێ وتەی شارەزایان ئەوەی لەو نامەیەدا هاتووە بەروارەکەی زۆر گرنگە. بە پێی هێندێک سەرچاوە لەم ڕۆژە دا سەدری قازی لە مزگەوتی هەباس ئاغا لە مەهاباد قسەی کردووە و باسی پێویستی خۆ ڕاگریی لە بەرانبەر هاتنی هێزەکانی حکوومەتی ناوەندیی بۆ مەهاباد کردووە. دیارە دوای ئەو بەرواره جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە بۆتاران.لە نێوە ڕۆکی نامەکەدا دەردەکەوێ سەدری قازی بە چاودیری سەربازیی توند هێنراوەتەوە بۆ مەهاباد و نەیتوانیوە چاوی بە ئەندامانی بنەماڵەکەی بکەوێ بۆیە ئەو نامەیەی بۆ کچەکەی نووسیوە.

هەرچی نامەی دووەمە کە دووبارە بۆ کچەکەی(گەوەرتاج)ی ناردووە، تیایدا وەسیەتی کۆتایی خۆی کردووەو وەسیەتەکەش خێزانی و کۆمەڵایەتیە، پێدەچێت لەو ماوەیەدا دڵنیا بوو بێتەوە لەوەی کە لە سێدارە دەدرێن و هیچ ئومێدێکیان بە دەربازبوون نەبووە، کە ئەوە دەقەکەیەتی:

(گەوەرتاج خانم، خانمە خانم، ئەوە کە ئێستا بەو پەڕی ئیمان و ئاواتەوە ماڵاوایی لەم دنیا فانییە دەکەم، داوا دەکەم تەرمی من بەرن بۆ خانەقای بەرزو بە تەنیشت باوکمەوە بینێژن. دەخیل و سەد دەخیل تەنەخی لێ مەکەن و حەڵاڵم کەن. ئاگاتان لە حەسەن بێ، هاوناوی باوکمە و جێگای هومێدە و بۆ پەروەردە کردنی زۆر تێبکۆشن. ماڵاوایی لە هەموو لایەک دەکەم).

ئەم نامەیەی سەدری قازی لەگەڵ وەسییەتنامە بۆ هاوسەری کە لە چەند سەرچاوە دا بە وەرگێراوی کوردیشەوە بڵاو کراوەتەوە؛ بەر لەئەوەی لە سێدارە بدرێت نووسیویەتی. بە پێی قسەی گەوەرتاجی سەدری قازی ئەو نامەیەی چەندین مانگ لە دوای لە سێدارە درانی قازییە کان بە دەستی گەیشتووە و وەک دەزانین قازییەکان لە مەهاباد نێژراون و نەتوانراوە ئەو بەشەی وەسیەتەکەی کە ببرێتە خانەقای شێخی بورهان. کە تەرمی سەیفولقوزاتی باوکیان لەوێ نێژراوە. مەبەست لە حەسەن، برازای سەیفی قازییە کە نێوی پچووکی سەیفولقوزات باوکی شەهیدان قازی محمدو سەیفی قازی لێ نراوە.

سەرلەبەیانی رۆژی هەینی ٦ - ٦ - ٢٠١٤، گەوەرتاجی سەدری قازی، کچی شەهید قاسمی سەدری قازی لە مهاباد کۆچی دوایی کرد. لەخانەقای شێخی بورهان لەتەنیشت باپیرەیەوە ئەسپاردەی خاک کراوە.

کۆماری کوردستان کاری زۆر بنەڕەتی و پێویستی لە ڕووی ناساندن و بونیاتنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی ئەنجامداوە، کە ئاڵای کوردستان، سرودی نەتەوەیی، ناوی پیرۆزی پێشمەرگە و چەندین شتی دیکەی لێکەوتەوە. لە هەمووی ئەمانە گرنگتر بڕوایێکی قوڵی سیاسەتی کۆماری کوردستان بە ڕێزلێنان لە ماف و سنووری نەتەوەکانی دراوسێ بوو. لە هیچ شوێنێکی هەڵس و کەوت و سیاسەتی کۆماردا نابینرێ کە ڕێز لە نەتەوەیەک نەگیرابێ. نەتەوەی دراوسێی تورک کە حکومەتێکی تەواو سەر بە سۆڤیەتیان لە تەورێز بۆ پێک هاتبوو- بەناوی کۆماری ئازەربایێنجان- لە لایەن کۆماری کوردستانەوە بە ڕێزەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوە، بە پێچەوانەی ئەو هەڵس و کەوت و ساختەکارییانەی کە ئەو حکومەتەی سەر بە سۆڤیەت بەرانبەر بە کۆماری کوردستان گێڕابووی.



سەرچاوە
Serchawe

سەرکردایەتی سیاسی کورد بڕیارێکی دەرکردبوو کە لە دوو ڕووەوە جێی سەرنجە. یەکیان پێکەوەژیان و پتەوکردنی ئاشتی و برایەتی چوونکە هەردوولا پێیان وابوو لە ناوبەری هەر دوو نەتەوەی کورد و تورکە و دووهەمیش سەربەخۆیی سیاسی کورد و جیاکردنەوەی قەوارەی کوردستان لە سیاسەت و سنووری جوگرافییایی تورکەکان.

لە دەقی گوتاری سەرکردایەتی کورددا ئاماژەی ڕاشکاوانە بەوە کرابوو کە لە هەر شوێنێک کە کوردی تێدا ژیان دەکرد بە "استقلال"ی تەواو بگا. لە هەمان کاتیشدا لە پێکهاتنێکی کە لە ناوبەری - حکومەتی ملی آذربایجان - و دەوڵەتی - جمهوری کوردستان- هەبوو، دان بەوە نرابوو کە ڕێز لە مافی کوردانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی تەورێز بگیرێت و هاوکات دەسەڵاتی کۆماریش هەمان سیاسەت بەرانبەر بە تورکی دانیشتووی کوردستان بنرێت. لە هەموو ئەوانەشدا سەدری قازی ڕۆڵی گەورەی هەبووە.

قازی محەمەد لەسەر بانگهێشتنی قەواموسەلتەنە چووەتە تاران و دوو هەفتە ماوەتەوە. لەو سەفەرە دا پێشەوا و ئەبولقاسمی سەدری قازی نوێنەری کوردستان لە تاران پێنج جار لە گەڵ قەواموسەلتەنە دانیشتوون و سێ جاریش چاویان بە ڕەزم ئارا سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران کەوتووەو باسیان لە کێشەکانی کوردستان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کردووە.

ئەبولقاسمی سەدری قازی لە کاتی پێشڕۆیی هێزی دەوڵەت بەرەو ئازەربایجان، لە مەهاباد بوو.کاتێک هێزەکانی دەوڵەت هاتە نێو تەورێز، ناوبراو بە پەلە چوو بۆ تاران تا بەڵکوو ئەحمەدی قەوام سەرۆک وەزیری ئەوکاتە کارێکی ئەوتۆ بکات و فەرماندە سەربازییەکان سەبارەت بە کوردان بە گشتی و قازییەکان بە تایبەتی نەرم بجووڵێنەوە و توند و تیژی بەکارنەهێنن.

سەدری قازی چەند ڕۆژێک لە تاران لە هەوڵ و تێکۆشاندا بوو بەڵام نەیتوانی هیچ بکات و وەڵامی نەدرایەوە. دوا جار ئەویشیان لە تاران گرت و لە ژێر چاودێریدا هێنایانەوە مهاباد و ئەویشیان لەگەڵ قازیی محەمەد و محەمەدحوسێن خان - سەیفی قازیی- لە پێشدا لە نێو شاریدا ( خانووبەرەی عەدلییە، موڵکی میرزا عەبدوڵای کەریمی) و دوایە لە سەربازخانە زیندانی کردو دواتریش دادگاییان دەستپێکرد.

**نەوشیروان مستەفا ئەمین لە کتێبی "حکومەتی کوردستان و کورد لە گەمەی سۆڤێتی دا دەنووسێ:**

تاوانەکانی بە پاڵ قازی و سەرانی حکومەت ئەدرا بریتی بون لە : پۆشینی بەرگی جەنەراڵی، سەرۆکایەتی جمهوریەتی



سەرچاوە
Serchawe

کوردستان، گۆڕینی ڕەنگی ئاڵای ئێران، لابردنی نیشانەی شێر و خورشید، چون بۆ باکۆ و، کۆبونەوە لە گەڵ جەنەڕاڵەکانی بێگانە، کوشتنی ئەفسەر و سەربازی ئێرانی، بەڵێندانی بەخشینی نەوت بە بێگانە، هەر وەها نامەی دەسخەت و ڕونوسی وتەکانی ناو کۆبونەوە گشتییەکان کە تۆمارکراو، قازیەکان بە ئیعدام حوکم دران. حوکمی ئیعدامی قازییەکان لەو کاتە دا بە بڵاو نەکراوەیی هێلرایەوە تا کێشەی لێنەکەوێتەوە.

قازییەکان داوایان کرد مەسەلەکەیان بخرێتە بەردەم  داداگای پێداچوونەوە" دادگاە تجدید نظر" بۆ چاو پیاگێڕانەوەی. لەو ماوەیە دا هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ئەوەی دادگایەکە ببرێتە تاران، بۆ ئەوەی دووربێت لە دەستێوەردانی وردە بەرپرسەکانی دەوڵەت. بەڵام بەرپرسانی سەربازیی سوور بوزن لە سەر ئەوەی هەر لە مەهاباد دادگایە.

ئەندامانی "دادگاە تجدید نظر"چوونە مەهاباد. ئەمجارەیان دادگا بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ عطاء و دادستانی سەرهەنگ نکوزاد بو. دادگا دو پارێزەری بۆ قازییەکان دانا بو: سەروان صلح جو و، سەوان نبوی. ئەو "تاوانانە"ی لە " دادگاە بدوی صحرایی" بە پاڵ قازی محمد درا بون و ، لە سەری بە ئیعدام حوکم درا بو، بریتی بون لە: ڕاپەڕینی چەکدار دژی حکومەتی ناوەندی، بەستنی ڕێککەوتنی نەوت لە گەڵ بێگانە، سوکایەتی کردن بە ئەرتەش و حکومەتی مەرکەزی، فەرمانی کوشتن و سوتاندنی ماڵی فەرمانبەرانی حکومەت... ئەو تاوانانەی بە پاڵ سیف و صدریش درابون، شتێکیان کەم نەبو، لە وانەی بە پاڵ قازی درابون.

هەیئەتی دادگا لە گەڵ ستادی ئەرتەش بەردەوام بە بێتەل پێوەندی تەلگرافی هەبو. پرسی پێ ئەکرد و فەرمانی لێ وەرئەگرت. ئەمیش حوکمی ئیعدامی: محمد قاضی،محمد حسین خانی سیفی قاضی، صدری قاضی دایەوە. کاتێ کە ستادی ئەرتەش ئاگادار کرا لەوەی دادگا حوکمی ئیعدامی داون، ستادی ئەرتەش فەرمانی دا بە فەرمانداری نیظامی مەهاباد لە ماوەی ٢٤ سەعات دا حوکمەکە جێبەجێ بکات.

## کۆماری کوردستان لە مێژووی کوردستاندا جێگەیەکی وەهای گرتووە کە تا کوردێک هەبێت شانازیی پێوە دەکات

ڕووداوەکانی ناو دادگا لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەی تاران دا بە یەک شێوە و زمان بڵاو کراونەتەوە. پێدەچێ کاربەدەستانی ئەرتەش ، بەوجۆرەی خۆیان ویستویانە، ڕاپۆرتەکەیان بو چاپ و بڵاوکردنەوە ئامادە کردبێت، بەتایبەتی بو شکاندنی شەخسییەتی قازییەکان کە بوبون بە ڕەمزی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد و وەک تێکدەر و هاوکارییکردنی بێگانەو خیانەتکار ناویان بردبوون.

بەڵام بە پێچەوانەی ئەو پلانەی ئەوان دایاننابوو، کۆماری کوردستان لە مێژووی کوردستاندا جێگەیەکی وەهای گرتووە کە تا کوردێک هەبێت شانازیی پێوە دەکات و گۆڕی شەهیدەکانیشی بەردەوام جێگەی شانازییە، هەربۆیە قازی محمد و سەدری برای و سەیفی ئامۆزای پێکەوە لە چوار چرای مەهاباد دا لە سەر ڕێبەرایەتی کردنی گەلی کورد لە تەنیشت یەکەوە لە سێدارەدران و هەر لە تەنیشت یەکیشەوە نێژران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیسەرپریس - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

# سەیفی قازی لە بازرگانییەوە بۆ وەزیری جەنگی کۆماری کوردستان




**پەیسەرپریس**

**کەسایەتی قازی محەمەد ئەوەندە گەورەیە کە زۆرجار کەسە گەورەکانی دیکەی شاردوەتەوە، سەیفی قازیی گەرچی دەوڵەمەندێکی بەناوبانگی مەهاباد بوو، بەڵام لەسەر داوای قازی محەمەد تێکەڵ بە دنیای سیاسەت بووە و تا بوو بەوەزیری جەنگی کۆماری کوردستان، لەگەڵ روخانی کۆمارەکەدا هاوسەرە تورکەکەی داوای لێدەکات بچێتە روسیا، بەڵام ئەو ڕازی نابێت و دەڵێت سوێندم خواردووە خیانەت لە قازی محەمەد و کوردستان و خەڵکی مەهاباد ناکەم، سەر ئەنجام لە سێدارە دەدرێت.**

محەمەد حوسێن سەیفی قازی ناسراو بە حەمەحوسێن خان ساڵی ١٩١١ لە شاری مەهاباد لە دایکبووە.میرزا حوسێن سەیف و لقوزات، باوکی حەمەحوسێن خان، یەکێک لە پیاوە زانا و ناسراوەکانی کوردستان. لە هۆنراوە و نوسیندا دەستێکی زۆر باڵای هەبووە، هۆنراوەکانی بە کوردی و فارسی لە کاتی خۆیدا دەستاودەست دەگەڕان و جێی بایەخی خەڵکبوون. لە تەورێز لە قوتابخانەی فیردەوسی خوێندوویەتی تا قۆناغی دبلۆم، حەمەحوسێن خان لە ژێر دەستی باوکێکی زانا و نیشتمانپەروەردا پێگەیشتبوو. ئامۆزای پێشەوا قازی محەمەد و یەکێک لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە.

لە سەر دەمی کۆماری کوردستاندا کرایە وەزیری جەنگ (بەرگریی) بووەو تا گیران و شەهیدبوونی هەر لە سەر کارەکەی

بەردەوام بووە. دووجار هاوسەرگیریی کردووەو هەردوو هاوسەرەکەشی تورکبوون. هاوسەری یەکەمی کۆچی دوایی کردووەو کە کچی گەورە بەرپرسێکی مەرراغە بووە، بە دوای ئەودا خێزانی دووەمی پێکهێناوە، باوکی لەگەڵ تورکە قاجارییەکان پەیوەندی زۆری هەبووە، لەبەر ئەوەی ئازاربایجان زۆر پێشکەوتوو بووە، زۆری ژیانی لە تەورێز بووە، ئەو پەیوەندییە بۆ سەیفی قازیش ماوەتەوە، بەدەر لە نەتەوەی جیاواز کە تا ئەو کاتانە تۆخ نەبووبویەوە تێکەڵاویی ئەوان بۆ پەیوەندی بازرگانی و ژن و ژنخوازیش بووە. هاوسەری دووەمی فەروغ لیقا مەلیک قاسمی کچی ئیمام قولی خانی ئامۆزای نەسرەدین پاشای قاجارە.

بنەماڵەی سەیفی قازی مەلازادە بوون و زۆرینەیان ڕێچکەی مەلایەتییان گرتووەو بە بنەماڵەیەکی ئاینی بەناوبانگن، تا دەگاتە حەمە حسین سەیفی قازیی ئیتر مەلایەتیان نامێنێت، سەیفی قازی سەرەتا بە بازرگانی و دواتربە کاری سیاسی و سەربازیی لەوانی دیکە جیادەکرێتەوەو لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕدارێکی بەهێزیش بووە بە خودا، لە بنەماڵەی باوکیدا چەندین هونەرمەند و شاعیر و خۆشنووس بوون و تائێستاش لەناو نەوەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. وەک دەگوترێت موریدی شێخەکانی بورهان بوون، بنەماڵەکەیان باوەڕیان بە شێخی بورهان بووە، وەک دەگێڕنەوە کاتێک دەچووە ناوچەکە نەیدەهێشت پشت بکاتە خانەقای بورهان، چوون ئەو پێی وابوو پشتکردنە ئەو خانەقایە بێڕێزییە.

سەیفولقوزات، باوکی سەیفی قازیی، کەسێکی دەوڵەمەند بووە، بەڕادەیەک زۆرینەی بازرگانی ناوچەی مەهابادو دەوروبەری لە لایەن ئەوەوە ئەنجامدراوە، لەبەر ئەوەی پیاوێکی دەست واڵاو خێرخوازبووە هاوکاریی زۆری وانەخوێن و فەقێکان کردووە، نامەی پەهلەوی بۆ هاتووە و دەعوەتی کردووە بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیریی کوڕەکەی و ئەو نازناوەی لە لایەن شاوە پێی دراوە.

نەک هەر هاوکاریی لایەنی زانستی بەڵکو چاوی لە نوسەرو شاعیرەکان بووەو هاوکاریی کردوون، لەوانەش محەممەدی قازی نوسەرو وەرگێڕی بەناوبانگ و هێمن و هەژار و ئەیوبییان. دواتر سەیفی قازیی، هەمان ڕێچکەی باوکی گرتووە و بە وشتر لە مەراغەوە بۆ مەهاباد کاری بازرگانی کردووە، بەمەبەستی پاراستنی بازرگانیەکەی لە دەستی تاڵانچی و ڕێگرەکان سەیفی قازی چەکداریی هەبووە، وەک سەرچاوەکان باسی دەکەن دابینکردنی چەک و چۆڵ لە لایەن دەوڵەتەوە دابینکراوە. خێزانەکەی فەروغ لیقا کە کچی ئیمام قولی بووە لە نەتەوەی تورک، نەیویستووە دەست بۆ کاروباری سیاسی ببات و بەردەوام داوای لێکردووە کە سەرقاڵی کاروباری بازرگانی بێت، هەر بۆیە چەند جارێک داوای لێکراوە کە پەیوەندی بە جوڵانەوە کوردیەکانەوە بکات، بەڵام ڕازیی نەبووە، بۆ ئەو مەبەستە پێشەوا قازی محەممەد دوو جار چووەتە لای و داوای کردووە کە ببێتە هاوکاری لە بواری سیاسیدا و دواجار ڕازی بووە.



سەرچاوە
Serchawe

سەیفی قازی لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە بە پیاوێکی قەدرگران و قورس بەناوبانگ بووەو زمانەکانی روسی و ئینگلیزی و فارسی و تورکی بە باشی زانیوەو هەندێک لە نوسینەکانی کە لێی بەجێ ماون هەریەکەیان بە زمانێک نوسراوە. لە تەوریز نوێنەری کورد بووە لای ئازەربایجانیەکان و لە سەروو بالێیۆزەوە مامەڵەی لەگەڵ کراوە، لای زۆرینەی دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی کۆماری ئازەربایجان قسەی لەبەر ڕۆشتووە، پیشەوەری قسەی نەشکاندووەو تەنانەت چەند جارێک فەرمانی لە سێدارەدانی هەڵوەشاندووەتەوە.

## قازی محمد ڕێکەوتبوو لەگەڵ پیشەوەری کە خوێندن لە هەردوولا هەبێت بە تورکی و کوردیش

ماوەیەکیش نوێنەری مەهاباد بووە لە تاران، چەند جارێک لەگەڵ قازی محەمەد و هاوڕێکانی دیداری شای بۆ ڕێکخستوون، لەناو دانوستاندنەکانیاندا چەندین خاڵیان چەسپاندووە، یەکێک لەوانە دەوامکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەتە لەناوچە کوردییەکان جل و بەرگی کوردییەوە و تا ئێستەش بەردەوامەو ئەو یادگارییە ماوەتەوە.

شای ئێران لە دەربەندی تاران خانووی بۆ دابینکردوە، ئەیوبیان دەگێڕێتەوە کە سەیفی قازیی و قازی محەمەد ڕێکەوتوون لەگەڵ پیشەوەری کە خوێندن لە هەردوولا هەبێت بە تورکی و کوردی، لە ڕوویی سەربازیشەوە کۆمەک بەیەکتری بکەن، ئەیوبیان دەڵێت: کاتێک ڕێکەوتبوون لەگەڵ تورکەکان کە پێکەوە چالاکی سەربازیی ئەنجام بدەن و ئەو ناوچانەی لە سنووری ئەواندایەو بە دەستی دەوڵەتەوە وەری بگرنەوە، بەڵام چەکدارە کوردەکان گلەیی ئەوەیان دەکرد کە تورکەکان خۆیان بێدەنگ دەکەن، تا چەکدارەکانی حەمەسدیق خان شوێنەکە دەگرن، بەڵام دواتر ئەوانی تێدەچن، بۆیە سەیفی قازیی گوتوویەتی کەواتە ئەوان ئێوەیان کردووەتە پێشمەرگەی خۆیان، بۆیە لەمەودوا من پێتان دەڵێم پێشمەرگە، مەحمودی کوڕی سەیفی قازیی لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی - پەنجەمۆری ڕووداو- دا ، گومان لەسەر ئەوە دروست دەکات کە چاپچییەکەی قازی محەمەد پێشنیاری دەستەواژەی پێشمەرگەی کردبێت و بۆ ئەو مەبەستەش چەند بەڵگە دەهێنێتەوە، کە یەکێک لەو بەڵگانە ئەوەیە کە ئەیوبییان بۆی گێڕاوەتەوە. ئەو هۆکاری ئەوەی کە باس لەوە دەکرێت ئەو پێشنیارە دەخرێتە پاڵ چاپچییەکە بە دوژمن ناویان دەبات و دەڵێت ئامانجیان لێدانی باوکمە لەڕووی سیاسییەوەو نایانەوێت ناوی باوکم بەگەورەیی بمێنێتەوە.

کاتێکیش باس لەوە دەکرێت کە سەیفی قازیی نەیتوانیوە چەکدارو پێشمەرگەکانی کۆمار یەکبخات و سەرجەم تفەنگ بەدەستەکانی کورد لە ناو سیستەمێکی سەربازیی و نیشتیمانیدا یەک بخات دەبێت باس لەوەش بکرێت کەمتەرخەمی مالیک و خاوەن گوندو خاوەن دەسەڵاتەکان هۆکاریی سەرەکی بوون، بەشێک لەوان دووسەرە لەگەڵ حکومەتی پەهلەوی و کۆماریشد

کاریان کردووە، لەو سەردەمەدا کۆمار متمانەی گەورەی پێیان هەبووە بەڵام لەبەر ئەوەی پشتگیرییان نەکردووە لە کۆمار بووەتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی کەم نەبێت چەکداریان لەگەڵ نەمێنێتەوە. لەکاتی گرتنی مەهابادیش لە لایەن رژێمی شاوە خەڵک و قازی محمد و هاورێکانیشی خواخوای ئەوەیان بوو عەشیرەتە کوردەکانی چواردەور پەلاماری مەهاباد نەدەن بەمەبەستی تالانکردنی خەڵک و بردنی شت و مەکی خەڵک.

لە سەروبەندی گەمارۆی مەهاباددا و خیانەتی دۆستەکانیی کۆمار گەشتە لووتکەو هەموویان پشتیان تێکردو شای ئێران و روسیاش پەیمانەکەیان نەبردە سەر، کاتێکیش کار لەکار ترازا و هەمووان بێئومێد بوون لە رزگاربوون خێزانەکەی سەیفی قازی پێیی دەڵێت وەرە با بچینە روسیاو لەگەڵ جەماعەتی بارزانی برۆین، من دڵنیام ئەمانە وازت لێناهێنن و دەتکوژن. بەڵام سەیفی قازی دەڵێت من سوێندم خواردووە قازی جێناهێڵم و خیانەت لە میللەتی خۆم ناکەم، بۆیە جێیی نەهێشتووەو لەسەر بەڵێمی خۆی سوور بووە.

### لە سەروبەندی گەمارۆی مەهاباددا و خیانەتی دۆستەکانیی کۆمار گەشتە لووتکەو هەموویان پشتیان تێکرد

دوای دەستگیرکردن و لە دادگای سەربازیی دادگایی دەکرێن، سەیفی قازی لە بەردەم دادگادا کە بە مست داویەتی بە سەر مێزەکەدا و گوتویەتی ئێوە کێن و لە کوێوە هاتوون تا دادگایی ئێمە بکەن، ئەوانیش چەند تاوانێکیان بۆ خوێندوونەتەوە کە تیایدا هاتووە ئەوان خەڵکی بێگانەیان هێناوەتە وڵاتە و پلەوپۆستیان پێداون، پاشان داوای جیابوبوونەوەیان لە ئێران کردووە، یەکێکی تر لە تاوانەکانی پێدانی چەکەکان بووە بە بارزانی کە دژایەتی کردوون و وەک بێگانەیەک حسابیان کردووە، سەیفی قازی دانی پێدا دەنێت و دەڵێت بەڵێ من چەکەکانم داوە بە برای خۆم، خۆ ئەو بێگانەیەک نیە، کە مەبەستی بارزانی بووە و گوتوویەتی ئەو فەرماندە بووە لای من. مەحموودی کوڕی سەیفی قازی لەبەرنامەی پەنجەمۆردا گوتوویەتی : باوکم وەسیەتی کردووە بۆ دایکم و پێی گوتووەوکورەکانم بەرە ئەوروپا، با بخوێنن، من نەمتوانی بیانبەمە ئەوروپا، بەڵام تۆ بیانبە، سەبارەت بە بەشە سیاسیەکەی وەسیەت نامەکەی ئەو کوڕەی سەیفی قازی هیچی نەدرکاندووەو گوتویەتی (نەمخوێندوەتەوە). گەرچی پاشماوەو یاداوەرییەکانی سەیفی قازیی زۆربوون بەڵام بە پێی قسەی مەحموودی کوڕی لە لایەن دزێکەوە براوە، کە پێدەچێت دەستێکی نادیار بوو بێت و ئەوان بۆیان یەکلایی نەبوەتەوە کە ئەو دزە دزێکی ئاسایی بووە یان بابەتێکی سیاسی لەپشتەوە بووەو بۆ فەوتان و لەناودان یان دەستخستنی پاشماوەکانی سەیفی قازی بوویێت.

کاتێکیش سەیفی قازی دەچێتە سەر پەتی سێدارە دەڵێت یەک داواکارییم هەیە ئەویش ئەوەیە چاوم مەبەستن، کاتێکیش



سەرچاوە
Serchawe

لێی دەپرسن بۆچی؟ ئەویش گوتویەتی پێمخۆشە ببینم کە سەری ئێوە لە ژێرپێی مندایەو چاوم لە چاوتان بێت و ببینم چۆن دەترسن، مەحمووده کوڕی دەڵێت : دەگوترێت پەتی سێدارەکەی پساوەو کە هەستاوەتەوە گوتویەت دەسەڵاتی شاکەتان و دەوڵەتەکەتان وەک ئەو پەتە ڕزیوە هاکا بچڕا.

کێشەی نێوان ڕەزم ئاراو سەیفی قازی لەبەردەم وەزیری بەرگری ئێراندا کە دەنگی بەرزکردووەتەوە بەسەر ڕەزم ئارادا، بووەتە هۆی ئەوەی کە جەخت بکاتەوە لەسەر لە سێدارەدانی قازی و هاوڕێکانی و سەرپەرشتی ئەو هێرشە بکات کە کراوەتە سەر مەهاباد

حەمەحوسێن خانی سەیفی قازیی لە دادگادا زۆر پیاوانە لە بیرو باوەڕی خۆی، لە کۆماری کوردستان، لە پێشەوای کورد قازی محەممەد بەرگری کرد و شانازی پێوەدەکردن، کە ئەو لە سەر ئازادی نەتەوەکەی دادگایی دەکرێت و لە سێدارە دەرێت. شەوی ٣٠ی ٣ی ١٩٤٧ پێشەوا قازی محەممەد و سەدری قازی و حەمەحوسێن خان لە چوارچرای شاری مەهاباد لە سێدارە دران و دواتر لە تەنیشتی یەکەوە هەرسێک (قازی محمد - سەیفی قازی - سەدری قازی) نێژران و تا ئێستەش خەڵک گۆڕەکەشیان بە پیرۆز سەیردەکەن و لە هەمان کاتیشدا سمبولی بەرخۆدان و پاکی و نیشتیمان پەروەرییە.

**تیبینی**:

بۆ بەشێک لە زانیاریەکانی نێو ئەم ڕاپۆرتە پشت بە بەرنامەی -پەنجەمۆر-ی کەناڵی ڕوداو بەستراوە. کە چاوپێکەوتنە لەگەڵ مەحموودی کوڕی سەیفی قازی

سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیسەرپریس - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## مەحموود ئاغای کوڕی سەیفی قازی: وشەی پێشمەرگە لەلایەن باوکمەوە داهێنرا



**هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین**

مەحموود ئاغای سەیفی قازی، دوایین کوڕی ژەنەراڵ محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی، وەزیری جەنگی کۆماری کوردستانە. نەوەی شاعیری کورد سەیفولقوزاتە. دایکی لە بنەماڵەی قاجارییەکانە و ئامۆزای نەسرەدین شای قاجارە. مەحموود ئاغا لە ساڵی ١٩٤٦ لە شاری تەورێز لەدایکبووە. قۆناغەکانی خوێندنی لەو شارە تەواو کردووە و دبلۆمی لە ئەندازیاری بەدەستهێناوە. ساڵی ١٩٦٨ لەگەڵ شەهێن خانی قاسمزادە، هاوسەرگیری کردووە و خاوەنی سێ منداڵە. مەحموود ئاغا ئێستا لە شاری هەولێر دەژی. لە بەرنامەی پەنجەمۆردا کە شەوی هەینی داهاتوو لە تەلەڤزیۆنی (ڕووداو) بڵاودەکرێتەوە، چەندین ڕووداوی مێژوویی تایبەت بە بنەماڵەکەیان و کۆماری کوردستان دەگێڕێتەوە.

### دەقی هەڤپەیڤینی ڕووداو لەگەڵ مەحموود ئاغای سەیفی قازی

**ڕووداو: بنەماڵەی ئێوە زۆرتر ئاینی بوو؟**

**مەحموود ئاغا:** بنەماڵەی ئێمە هەموو مەلا بوون، دەرسخوێن بوون. تا دەگاتە بابم، ئیدی لە بابم بەدواوە کەسمان مەلا نین. بەڵام هەموومان خوێندەوارین، نەقاش و شاعیر و خۆشنووس و سیاسی بووین. من بەردەوام بەدواداچوونم کردووە، لەو پێشمەرگانەم پرسیوە کە لەگەڵ بابم بوون، لە کەسانی زانا و شارەزام پرسیوە، بۆ نموونە ئاغای ئەیووبی، هەموو شتێکم لێدەپرسی. ئەوەی لەبارەی بنەماڵەکەمەوە بیزانم لە ئەوم وەرگرتووە.

**رووداو:** دەڵێن باپیرت سەیفولقوزات شاعیرێکی بەناوبانگ بووە و پەیوەندی لەگەڵ شاهەنشادا هەبووە؟

**مەحموود ئاغا:** سەیفولقوزاتی باپیرم زۆر دەوڵەمەند بووە، دێهاتێکی زۆری هەبووە، کەسێکی زۆریش کاسب بووە. ئەو ئاغایە کار و پیشەی ئەوە بووە کە بینیویەتی کەسێک خەریکی خوێندنە، هەمیشە کۆمەکی کردووە. بە تایبەتی شاعیران، مامۆستا هێمن و مامۆستا هەژاریش لە یاداشتەکانیاندا باسیان کردووە. من خۆم نامەی پەهلەویی گەورەم بینیوە، کاتێک ژنی بۆ کورەکەی هێناوە داوەتی کردووە بۆ تاران. زانیویشمە کە پەهلەوی ناسناوی سەیفولقوزاتی بە باپیرم بەخشیوە. هەروەها ناسناوی سەیفولعولەماشی بە خزمێکی دایکم داوە.

**رووداو:** باپیرت کەی کۆچی دوایی کردووە؟

**مەحموود ئاغا:** پێش کۆمار وەفاتی کردووە.

**رووداو:** کە کۆمار دامەزرا تۆ لە دایک بووبووی؟

**مەحموود ئاغا:** کە کۆمار دامەزراوە من منداڵێکی یەک مانگ یان دوو مانگ بووم.

**رووداو:** دەڵێن باوکت حەزی نەکردووە بچێتە نێو کۆماری کوردستان، بۆچی؟

**مەحموود ئاغا:** باپیرم لەبەر ئەوەی دەوڵەمەند بوو، دوو کاروانی هەبوون شتومەکیان لە میاندواوەوە دەبرد بۆ مەراغە و لەوێشەوە دەیانهێنا بۆ میاندواو. لە مەراغەوە تا دەچێتە سابلاخ و لەوێوە تا دەچێتە ساین قەڵا و لەوێوە بۆ بۆکان، ئەو ڕێگایانە لە ئیختیاری باوکمدا بوون، بۆ ئەوەی دز و جەردە نەتوانن بچنە سەر ڕێگای کاروانچییەکان. جا بابم ئەوەندە دەوڵەمەند بووە پێیانگوتووە شاحوسێن. پێویستی بە هیچ شتێک نەبووە. ئینجا هاوژینەکەشی لە خانەوادەی قاجار بووە و جگە لە تورکی زمانێکی دیکەی نەزانیوە، بابم لە خەمی ئەودا بووە، ئەگەر شەهید ببێ کێ ئاگای لە منداڵەکانی ببێ. دایکم کەسیشی نەدەناسی. بۆیە باوکم نەیویستووە تێکەڵ بەکاری سیاسی ببێ. بەڵام باپیرم تێکەڵ بە کاری سیاسی بووە. لەگەڵ خیابانی، یەکێک لە سیاسەتمەداره گەورەکانی ئێران پەیوەندی هەبووە. شیعری لە ڕۆژنامە بڵاوکردووەتەوە.

**رووداو:** تۆ باست لەوە کرد کە باوکت چەکداری هەبووە، ئەو چەکدارانە هی حکومەت بوون؟

**مەحموود ئاغا:** نەخێر. چەکدارەکان هی خۆی بوون، بەس حکومەت پارەی دەدانێ، ئەوان پارێزگارییان لە کاروانەکان

دەکرد، چونکە ئەوکات دز و جەردەی گەورە هەبوون. ئەوکات کەسێکی یاخیش هەبوو بەناوی ئەربابی مەلیکان، رێگەی لە خەڵک دەگرت.

**رووداو: دەڵێن پێشەوا نەیتوانیوە قەناعەتی پێ بهێنێ بەشداری کۆماری کوردستان بکات؟ دوایی کێ قەناعەتی پێهێنا؟**

**مەحموود ئاغا:** وام بیستووە کە دوو جار چووە، جاری یەکەم نەهاتووە. جاری دووەم قبوڵی کردووە، پێموایە مەلا و شێخ و ئەوانە چوون.

**رووداو: ئەی شێخانی بورهان چ رۆڵێکی هەبووە؟**

**مەحموود ئاغا:** باب و باپیرم ئەوەندە باوەڕیان بە شێخانی بورهان هەبوو، دەڵێن بابم کە بە پێش خانەقادا دەڕۆیشت تا لە خانەقا تێدەپەڕی پشتاوپشت دەڕۆیشت بۆ ئەوەی پشتی لە خانەقا نەبێ.

**رووداو: دایکت چۆن وەسفی باوکت دەکات؟**

**مەحموود ئاغا:** دایکم دەڵێت لەنێو کورد پیاوی وەها نەبوو. کە دەهاتەوە ماڵەوە هەموو شتێکی جددی وەلا دەنا، دەیگوت زۆر مۆدێرن بووە. خۆی فێری سەمای تانگۆ کردووە. بە تورکی و ئینگلیزی و رووسی و فارسی قسەی کردووە.

**رووداو: سەردەمێک لە تەورێز نوێنەر بووە، نوێنەری کێ بووە؟**

**مەحموود ئاغا:** نوێنەری کۆماری کوردستان بووە، لەوێ قسەی زۆر رۆیشتووە. زۆر کەس کە پیشەوەری (سەرۆکی کۆماری میللیی ئازەربایجان) ویستوویەتی لە سێدارەی بدات، ئەو نەیهێشتووە. پیشەوەری قسەی بابمی نەشکاندووە.

**رووداو: لە کۆماری کوردستان باوکت وەزیری جەنگ بوو، لەسەر چ بنەمایەک کرا بە وەزیری جەنگ؟**

**مەحموود ئاغا:** چونکە باوکم کەسێکی زۆر ئازا بووە، ژمارەیەکی زۆر سوارچاکی هەبووە. ماوەیەک بووەتە فەرمانداری مهاباد و ماوەیەک بۆکان. چونکە ئەو کارە گەورانەی کردووە و سوارچاکیشی هەبووە، کردوویانە بە وەزیری جەنگ.

**رووداو: هیچ پێشینەیەکی سەربازی هەبووە؟**



سەرچاوە
Serchawe

**مەحموود ئاغا**: من نامەیەکم دەستکەوتووە و وێنەشم هەیە، بە رووسی لەسەری نووسراوە، باوکم لە وێنەکەدا زۆر گەنج دیارە، لە شوێنێکی رووسان خولی ئەفسەری بینیوە.

**رووداو**: هیچ نووسینێکی لەدوای بەجێماوە؟

**مەحموود ئاغا**: بەڵێ نووسین و بەڵگەنامەی زۆری لەدوا بەجێماون، کوڕەکەم کە کتێب دەنووسێ، ئێستا بەنیازە کتێبێک بەناوی پیاوە گەورەکانی کورد بنووسێ، هەموو شتەکان لەلای ئەو بوون. شیعرەکانی باوکم کە کاتی خۆی بۆ ئافرەتێکی تورکی نووسیوە، دەستنووسەکانی باپیرم هەمووی لەلای کوڕەکەم بوو. دیارە دز چووەتە سەرماڵەکەی بۆ دزینی زێڕ و پارە، بەڵام لە جیاتی زێڕ و پارە هەموو ئەو دەستنووس و بەڵگەنامانەی دزیون.

**رووداو**: باوکت زۆرتر پەیوەندی لەگەڵ تورکەکان خۆش بووە و ژنی لێ خواستوون، ئەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**مەحموود ئاغا**: چونکە ئازەربایجان زۆر پێشکەوتوو بووە، دواتر چەند کونسوڵخانەیەکی لێ بووە. باوکم زۆرتر لە ئازەربایجان بووە، حەزی لێبووە هەموو شتێک ببینێ. ژنی یەکەمی کچی کەڵەنتەری بووە کە گەورەترین مالیکی مەراغەن. باپیریشم دوو ژنی دیکەی هێناون یەکێکیان بەناوی وەجیە خانم خەڵکی ورمێ بووە و تورک بووە. یەکێکیان بەناوی روبابە خانم خەڵکی تەورێز بووە. چونکە ئەوکات هوتێل نەبوو، باپیرم لەبەر ئەوە ژنێکی لە تەورێز دانابوو کە دەچوو بۆ ئەوێ لەوێ دەمایەوە. بابیشم لەو فێربووە و لەگەڵ ئازەرییەکان تێکەڵ بوو.

**رووداو**: قسەیەک هەیە کە وشەی پێشمەرگە لەلایەن چاپچییەکەوە بۆ قازی پێشنیاز کراوە، بەڵام تۆ چیرۆکێکی دیکەت هەیە، ئەو چیرۆکە چییە؟

**مەحموود ئاغا**: ئێمە دوژمنمان زۆرن، زۆر دژایەتی بابم دەکەن، شتەکانی بچووک دەکەنەوە. بۆ دەبێ چاپچییەک لە ژوورەکەی ئێمە دابنیشێ و خۆی لە کۆبوونەوە هەڵقورتێنێ و بڵێ ئەمن ناوی دەنێم پێشمەرگە؟! ئایا ئەقڵ باوەڕ بەمە دەکات؟ من لە ئاغای ئەیوبیان چیرۆکەکەم وەها بیستووە: باوکت و قازی محەممەد و پیشەوەریان رێککەوتننامەیەکیان واژۆ کردبوو کە لە سابڵاغێ وانەی تورکی بخوێنن، لە تەورێزیش وانەی کوردی بخوێنرێ. تا نزیکی مەراغە هی کورد بێ، بەملاوە هی پیشەوەری بێ. ئینجا پیشەوەری سوپای ساز کرد. لەگەڵ ئێران بەشەڕهات. چەند ناوچەیەکی گرت. لەوکاتەدا قەراردادەکەیان ئەوە بوو کە لەهەر جێگایەک شەڕ بێ یارمەتی یەکدی بدەن. بابم پێشمەرگەی ناردبوو. رۆژێک بە ماشێنەکەی چووە سەردانی پێشمەرگەکان بکات. کوردەکان ئەوانەی کە شەڕیان دەکرد هاتبوونە لای بابم و گلەییان کردبوو، گوتبوویان دەچینە هەر جێگایەک ئەوانە ٢ - ٣ هەزار نەفەرن ناوێرن بچن شەڕ بکەن، دەبێ ئێمە بچین شارەکە

یان گوندەکە بگرین پاشان ئەوان بێن. باوکیشم بیری کردبووەوە گوتبووی وەڵڵا بڵێم چی، ئەوان ئێوەیان کردووەتە پێشمەرگەی خۆیان. ئینجا پێیگوتبوون لەوەبەدوا پێتاندەڵێم پێشمەرگە. هەر جێگایەکیش پێیانگوتن بچن.

**رووداو: باوکت وەزیری جەنگ بووە، خۆی بەشداری لە هیچ شەڕێکدا کردووە، یان هەر سەرپەرشتی هێزە چەکدارەکانی کردووە؟**

**مەحموود ئاغا:** هەمیشە خۆی بەشداری لە شەڕەکاندا کردووە. لە شەڕێکدا لە سەقز مەلا مستەفای رەحمەتیشی لەگەڵ بوو. چونکە ژەنەراڵی باوکم بووە. مەلا مستەفا دوو سێ شەهیدی داوە. باوکیشم یەک دوو شەهیدی داوە. گەمارۆی سەربازگەی سەقزیان داوە، نەیانهێشتووە هیچیان بۆ بچێت. دواجار هەموویان تەسلیمبوونە.

**رووداو: دەڵێن نێوانی لەگەڵ مەلا مستەفا خۆش نەبووە، ئەوە راستە؟**

**مەحموود ئاغا:** نەخێر. شتی وا نییە. بابم هەمیشە لەگەڵ مەلا مستەفا بووە. چەندین وێنەیان پێکەوە هەیە. هەرچی خەرجی پێشمەرگەیە بە پێشمەرگەکانی مەلا مستەفاشەوە باوکم داویەتی، چونکە کۆماری کوردستان سەرمایەی نەبووە. هیچ دەوڵەتێک کۆمەکی کۆماری نەکردووە، تەنیا باوکم کۆمەکی کردووە. نووسراوی چەندین فەرماندەی سەربازی گەورەم هەیە کە نووسراویان بۆ باوکم کردووە، داوای چەکیان کردووە، داوای پارەیان کردووە.

**رووداو: دەڵێن هەندێک عەشیرەتی دەوروبەری مهاباد هەم لەگەڵ کۆمار ئیشیان کردووە و هەم لەگەڵ حکومەتیش. ئەوە تا چەند راستە؟**

**مەحموود ئاغا:** ئەوە راستە. ئەگەر خیانەتی عەشیرەتەکان نەبووایە، ئێران نەیدەتوانی بێتە سابلاغێ. مالیکی دیموکری بۆکانێ بە ئاشکرا و بە نهێنی لەگەڵ پەهلەوی بوون.

**رووداو: کۆماری کوردستان بەمەی دەزانی؟**

**مەحموود ئاغا:** نەخێر.

**رووداو: پێشەوا و وابزانم باوکیشت سەردانی تاران دەکەن، بۆچی چوون؟**



سەرچاوە
Serchawe

**مەحموود ئاغا:** لەگەڵ شا دانیشتبوون، کۆمەڵێک داواکارییان هەبوو، شا هەندێکیانی قبوڵ کردبوو، بۆ نموونە رازی بووە بە جلی کوردییەوە بچنە سەر کار. لەوێ خانووی بە بابم داوە لە تاران، لەوێ دانیشتووە.

**رووداو:** داخوازییەکانی دیکە گەورە بوون کە قبوڵ نەکراون؟ بۆچی بوو بە شەڕ؟

**مەحموود ئاغا:** هەندێکیان قبوڵ کران. بۆ شەڕەکەش ئاگادارم. شا گوتبووی ئەگەر گوللەیەکیان تەقاند لە داریان مەدەن. ئەو ئەفسەرەی کە ئەوانی لەسێدارە دا، ناوەکەیم بیر نەماوە، دەڵێت شا لە کوشتنی ئەوان پەشیمان بووەتەوە. نامەیەک دەداتە ئەفسەرەکە کە بیدات بە (رەزمارە)، لە نامەکەدا داوای لە رەزمارە کردووە نەیانکوژێت. ئەفسەرەکە نامەکە دەداتە رەزمارە، ئەویش نامەکە دەخوێنێتەوە و دەڵێت مەچۆ بۆ سەربازگە، بچۆ بۆ هوتێل و بەیانی وەرەوە. کە بەیانی هاتووەتەوە بینیویەتی هەموویان لەسێدارە دراون. ئەسڵەن بڕیاری دەستگیرکردنیان نەبوو، شا گوتبووی چەکەکانتان دابنێن و بچن لە ماڵی خۆتان دابنیشن. ئەوانیش چەکەکانیان داناوە. دواتر لە مزگەوتی سوور کۆبوونەتەوە، سابڵاغ نەیویستووە شەڕ بکات، بەڵام لەو هەموو خەڵکە تەنیا ئاغای سالار و ئەوانە گوتوویانە شەڕ دەکەین. مەنگوڕیش حەزیان نەدەکرد شەڕ بکەن. ئەوان بەڵێنیان لە حکومەت وەرگرتبوو. بەڵام هۆکاری لەداردانی ئەوان بەهۆی شەڕێکەوە بووە کە لە نێوان سەدری قازی و رەزمارە لە تاران روویداوە. سەدری قازی ئەوکات نوێنەری مهاباد بووە لە پەرلەمانی ئێران. لەوێ بە گژی رەزمارەدا چووە. ئەویش گوتوویەتی ئەگەر نەمرم دەبێ لە سێدارەت بدەن.

**رووداو:** بۆچی قازی و باوکت لەگەڵ مەلا مستەفا نەڕۆیشتن بۆ سۆڤیەت؟

**مەحموود ئاغا:** ئەوکاتەی ئەوان ویستبوویان چەک دابنێن، مەلا مستەفاشیان ویستبوو بۆ تاران. دایکم دەگێڕێتەوە مەلا مستەفا هات بۆ لای بابم و پێیگوت ئەگەر ئاوی حەیاتیش بخۆیتەوە هەر دەتکوژن، هەستە بابڕۆین بۆ سۆڤیەت. ئەوان درۆزنن، عەقیدەیان نییە. بابم پێیگوتبوو من ناتوانم قازی محەممەد جێبێڵم. سوێندم خواردووە تا مردن لە پشت قازی راوەستم، ناتوانم ئەو سوێندە بشکێنم. ئەگەر قازی محەممەد بێ، منیش دێم.

**رووداو:** مەلا مستەفا لەگەڵ قازی محەممەدیش قسەی کردبوو؟

**مەحموود ئاغا:** بەڵێ. ئەویش گوتبووی سوێندم خواردووە میللەتی خۆم بەجێنەهێڵم.

**رووداو:** ئەوان چ تۆمەتێکیان درابووە پاڵ؟

**مەحموود ئاغا**: ئەو سەرهەنگەی کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردوون، دەڵێ من کاتێک بەهۆش خۆم هاتمەوە دەبینم سەیفی قازی ئێمە دادگایی دەکات و دەڵێت ئێوە کێن، دەڵێت ئێوە کێن، خەڵکی کوێن، چ کارەن، زمان و جلوبەرگتان لەگەڵ ئێمە جیاوازە. بۆچی هاتوون بۆ ئێرە. بۆچی پرسیار لە ئێمە دەکەن. گەورەترین تۆمەت کە دراوەتە پاڵ بابم ئەوە بووە هەرچی چەک و گوللەی هەبووە داویەتی بە مەلا مستەفا شەڕی ئێران و عێراقی کردووە تاوەکو گەیشتووەتە یەکێتی سۆڤیەت.

**ڕووداو**: باوکت بەرلەوەی لەسێدارە بدرێ، هیچ وەسیەتێکی هەبووە؟

**مەحموود ئاغا**: بەڵێ وەسیەتێکی بۆ دایکم نووسیوە. بە کێ قەرزدارم؟ کێ پووڵی دەوێ؟ کوڕەکانم ببە بۆ ئەوروپا. هەروەها وەسیەتنامەیەکی سیاسیشی نووسیوە.

**ڕووداو**: باوکت بەر لەوەی لەسێدارە بدرێ هیچ داواکارییەکی هەبووە؟

**مەحموود ئاغا**: بەڵێ بەر لەوەی لەسێدارە بدرێ، لێیانپرسیوە چ داواکارییەکت هەیە. ئەویش گوتوویەتی لە سێدارەتان دام، چاوم مەبەستن. ئەو ئەفسەرەی کە ئەوانی لەسێدارەدابوو، لێی پرسیبوو: بۆچی چاوت نەبەستن؟ گوتبووی ئەوە ئارەزووی منە. دەمەوێ بتانبینم سەری ئێوە لەژێر قاچی منە و تەماشای چاوتان بکەم کە ئێوە چەند لە ئێمە دەترسن. ئەو ئەفسەرە لە یاداشتەکانیشیدا باسی کردووە و دەڵێت چەندین کەسی یاخی و چاونەترسمان بردووەتە بەر پەتی سێدارە، لەوێ زمانیان گیراوە. بەڵام پەتەکەی سەیفی قازی پسابوو، هەستابووەوە گوتبووی بە شایەکەتان بڵێ دەوڵەتی ئێوە وەکو ئەو پەتە رزیوە.

**ڕووداو**: ئێوە بەنیازبوون لە ڕێگەی ئەفسەرێکی ئێرانەوە کۆمەڵێک بەڵگەنامە لە تاران بهێننەوە، بۆ نەتانتوانی؟

**مەحموود ئاغا**: ئێمە پرسیارمان کرد و ئەو ئەفسەرەمان دۆزییەوە کە سەرپەرشتی لەسێدارەدانەکانی مەیدانی چوارچرای کردبوو. کوڕەکەم قسەی لەگەڵ کرد، گوتبووی بەڵگەنامەیەکی زۆرم لەبارەی قازییەکان و مەلا مستەفا بارزانی هەیە. وەرە تاران با بتدەمێ. ئێمە نەمانتوانی بچین. دوای دوو سێ مانگ چووین. بە هەزار حاڵ ماڵەکەمان دۆزییەوە، بینیمان دەرگای ماڵەکە کراوەتەوە و هەموویان جلی ڕەشیان لەبەردایە. سڵاومان کرد، دوایی گوتمان هاتووین بۆ لای سەرهەنگ، گوتیان مردووە. دوای سەرەخۆشی چووین بۆ لای هاوژین و کوڕەکەی و پێمانگوتن ئێمە بۆ بابەتێکی وا هاتووین. ئەوانیش گوتیان هەندێک کاغەز و وێنەی جیاکردوونەتەوە، بەڵام پێیانەگوتووین بیدەین بە کێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ٢١ی دیسەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## هەڤپەیڤین بەرنامەی پەنجەمۆر لەگەڵ مونیرە قازی: کچی پێشەوا قازی محەممەد



**مونیرە قازی محەممەد: دەوڵەمەندەکانی سابڵاغ ئامادەنەبوون پارەی پارێزەر بۆ قازی محەممەد بدەن**

**هەڤپەیڤین کاوە ئەمین**

**لە حەوت کچەکەی پێشەوا قازی محەممەد، یەکێکە لەو چوار کچەی کە تاوەکو ئێستا لە ژیاندا ماون. مونیرە قازی محەممەد لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ بەرنامەی پەنجەمۆر کە ئەمشەو هەینی لە کەناڵی (رووداو) بڵاودەکرێتەوە، دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی دامەزراندنی کۆماری مهاباد و لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێکانی. مونیرەە پێیوایە باوکی میهرەبانترین باوک بووە، بەڵام کوردی لە منداڵەکانی خۆشتر ویستووە. بە گوتەی ئەو، هەندێ خەڵکی سابڵاغ واژۆیان بۆ لە سێدارەدانی قازی کردووە، بەڵام ئەوان لەو خەڵکە خۆشبوون، چونکە پێیانوابووە خەڵک لە ترسان ئەو کارەی کردووە.**

**رووداو: حەز دەکەم لە چیرۆکی دایکی قازییەوە دەستپێبکەین، دەڵێن ئەو لە منداڵییەوە هەستی کردووە قازی محەممەد دەبێتە کەسێکی دیار، ئەمە چۆن بووە؟**

**مونیرە قازی: دایکی باوکم بەگزادە بووە، خانمێکی زۆر لایەق بووە، ناوی گەوهەر تاج خانم بووە. ئەو کاتەی باوکمی لەسکدا بووە، لە خەونیدا مانگ کەوتووەتە نێو کۆشی. خەونەکەی بۆ باپیرم گێڕاوەتەوە، ئەویش بۆ خەڵکی دیکەی**

گێڕاوەتەوە. گوتوویانە ئەوە کوڕی دەبێت و کوڕەکەشی بەنێوبانگ دەبێ.

**ڕووداو: هەڵسوکەوتی ئەو وەکو باوکێک لەگەڵ ئێوە چۆن بوو؟**

**مونیرە قازی:** باوکێکی زۆر میهرەبان بوو بە هەموومان رادەگەیشت. بۆ نموونە من قژم درێژ بوو، بە شانەکردنی ناڕەحەت دەبووم. ئەو دەهات لەسەر سەرم رادەوەستا و دەیگوت مریشکێک هاتووە لە بەغدایە، یەکیش هاتووە لە بەسرایە، سەری کچی من دەکا رەعایە. وای دەکرد من مەشغوڵ بم و ناڕەحەت نەبم. فێری شیعری دەکردین، فێری زمانی ئینگلیزی دەکردین. هەموو بەیانیان بانگی دەکردین کەوچێک رۆن ماسی دەداینێ، پاشان شیرینی دەداینێ. رۆن ماسییەکە زۆر ناخۆش بوو، بەڵام لە خۆشیی شیرینییەکە دەمانخوارد. باوەڕ ناکەم باوکێک هەبێ لە باوکی من میهرەبانتر، بەڵام باوکم کوردی لە ئێمە خۆشتردەویست. دایکم پێیگوت من چ لەو منداڵانە بکەم؟ گوتی من لەسەر منداڵی تۆ ئابڕووی خۆم نابەم. من بەڵێنم بە میللەتی خۆم داوە. لە خۆشی و ناخۆشی لەگەڵیان دەبم.

**ڕووداو: ئەوکات قوتابخانەی کوڕان و کچان تێکەڵاو بوو؟**

**مونیرە قازی:** نەخێر جودا بوو، قوتابخانەی کوڕان سەیفی قازی باپیری ئاغاکەی من کردبییەوە، قوتابخانەی کچانیش بابم هێنای بۆ مهاباد، چونکە باوکم رەئیسی فەرهەنگ و ئیدارەی سجیل بوو .

**ڕووداو: جەنابی پێشەوا پەیوەندی لەگەڵ ئەو کەسانە چۆن بوو کە موسوڵمان نەبوون؟**

**مونیرە قازی:** ئەوان جەژنی تایبەتی خۆیان هەبوو، خواردنیان بۆ ئێمە دەنارد، جا دایکم کەسێکی وەسواس بوو، پاک و خاوێن بوو، دایکم دەیگوت مەیخۆن، باوکیشم دەیگوت تۆ چۆن دەڵێی مەیخۆن، ئەوانە زۆر زۆر لە ئێمە پاکترن. پیاوە ئاینییەکانیان زۆر دەهاتنە لای باوکم لە دادگا، زۆر ڕێزیان لێدەگرت.

**ڕووداو: باوکت بە چ جلوبەرگێکەوە دەچوو بۆ دادگا؟**

**مونیرە قازی:** هەر بە جلی مەلایەتییەوە، تەنیا رۆژی راگەیاندنی کۆماری کوردستان جلێکی کوردی رەنگی ئەرتەشی لەبەر کردبوو.



سەرچاوە
Serchawe

**ڕووداو: تۆ ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمارت لەبیرە؟**

**مونیرە قازی:** بەڵێ زۆرباش لەبیرمە، نێوەڕاستی زستان بوو. کەشوهەوا زۆر خۆشبوو، خەڵک هەڵدەپەڕین، دەهۆڵ و زوڕنایان لێدەدا. ئێمە لە قوتابخانە بووین، لەبەر ئەوەی کچی پێشەوا بووین، وەپێشیان دەداین، بەڵام باوکم زۆری پێناخۆش بوو لەگەڵ قوتابییەکانی دیکە جیاوازیمان پێ بکرێ.

**ڕووداو: ئەو ڕۆژەی جەنابی قازی چوو بۆ ڕاگەیاندنی کۆمار، ڕۆژێکی ئاسایی بوو یان جیاواز؟**

**مونیرە قازی:** زۆر جیاواز بوو، بێ ئەندازە میوانمان هەبوو. پێشتریش بەردەوام میوانمان هەبوو، چونکە ئەوکاتی هوتێل بەو جۆرە نەبوو، بۆیە ئەوەی دەهاتە مهاباد ڕووی لە ماڵی ئێمە دەکرد. ماڵمان زۆر گەورە بوو، سێ کوچەی داگرتبوو.

**ڕووداو: لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، خەڵک لە باشووری کوردستانیش هاتبوون، ئەوانەت لە بیرە؟**

**مونیرە قازی:** بەڵێ، یەکێک لەوانە مستەفا خۆشناو بوو، چوار کچی هەبوو. کچە ناوەنجییەکەی هات لە پێش بابم شیعری خوێندەوە. باوکیشم دەمانچەیەکی بە دیاری پێدا.

**ڕووداو: چیت لە بیرە لەبارەی هاتنی بارزانییەکان؟**

**مونیرە قازی:** باوکم هەتا کەڵکی بەگزادان بۆ پێشوازی مەلا مستەفا چووبوو. تەواوی ئەوانەی هاتبوون ماڵیان بۆ دابین کردن. دوو ماڵی بارزانی لە نێو ماڵی ئێمەدا بوون. بیرمە خانمەکە نێوی خەدیج بوو، گوتی بریا پێڵاوی پێشەوام لەپێ بووایە، بچوومایە ڕووبار ئاو بێنم. عیسمەت خانم کە خوشکی گەورەم بوو، بە بابمی گوت، باوکم پێڵاوەکانی خۆی داکەند و گوتی بۆی ببەن. هەموو کەس بە هاتنی ئەوان خۆشحاڵ بوو.

**ڕووداو: پەیوەندی پێشەوا لەگەڵ دراوسێکانی چۆن بوو؟**

**مونیرە قازی:** شەوان لە گەڕەک منداڵان یاری میر میرانێیان دەکرد، میر داوای هەر کەسێکی بکردایە دەبوو بۆی بێنن. شەوێک میر داوای کردبوو، قازی محەممەدی بۆ بێنن، منداڵەکانیش هاتبوون بە باوکمیان گوتبوو: میر داوای تۆ دەکات،

باوکیشم لەگەڵ منداڵەکان چوو بۆ ئەوەی بزانێ میر چی دەوێت، باوکم ئاوا بوو لەگەڵ خەڵکی گەڕەکێ.

**ڕووداو:** بۆچی بە عەلی قازیی برات دەڵێن کوڕی ڕەش؟

**مونیرە قازی:** بە ناوی باپیرم کراوەتەوە. جا عادەت وابوو هەر کەسێک بەناوی کەسێکی دیکە بکرابایەوە ناوێکی دیکەیان پێدەگوت. کوڕی من بەناوی محەممەد سەید خان کرابوو. پێماندەگوت ئاغا، بەڵام باوکم دژی ئەوە بوو بە ئاغا و خان بانگی منداڵەکان بکرێ، دەیگوت هەمووەمان وەکو یەکین، دەبێ ناوی یەکدی بڵێین. جا کاکم لەبەر ئەوەی چاو و بڕۆی ڕەش بوو، پێیاندەگوت کوڕی ڕەش.

**ڕووداو:** جەنابی پێشەوا زۆرتر حەزی لە چ خواردنێک بوو؟

**مونیرە قازی:** یەک سفرەمان رادەخست هەموو خزمەکان لەدەوری دادەنیشتین، باوکم هەمیشە پارێزی هەبوو، پێی خۆش نەبوو قەڵەو بێ، زۆرتر مرەبای ئاڵوباڵووی دەخوارد. ژنێکمان لابوو خان زێڕین، نانکەر بوو، منداڵێکی بچووکی هەبوو، باوکم دەیبردە لای خۆی و پێیدەگوت جەعفەر وەرە لەگەڵ من نان بخۆ. بابم زۆر پارێزی دەکرد، هەتا نانی بەیانیانی نەدەخوارد.

**ڕووداو:** پێشەوا لەگەڵ عیبادەت چۆن بوو؟

**مونیرە قازی:** نوێژەکانی بەڕێکوپێکی دەکرد، بەڵام بە کەسی نەدەگوت نوێژ بکە. هەموو کەس ئازاد بوو. بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەستا و وەرزشی دەکرد.

**ڕووداو:** کە بوو بە سەرۆک کۆمار هەڵسوکەوتی گۆڕابوو؟

**مونیرە قازی:** نەخێر. لە جاران میهرەبانتر بوو. دەیگوت من ئێستا بەرپرسیارێتیم زیاترە. ئێستا دەبێ زۆرتر ئاگام لە خەڵکی بێ. سێڵاو هاتووە بە ئەسپی خۆی خەڵکی رزگار کردووە. هەمیشە کاری هەبوو، هەمیشە لەگەڵ خەڵک بوو.

**ڕووداو:** قازی لەگەڵ خوێندنەوە و نووسین چۆن بوو؟



سەرچاوە
Serchawe

**مونیرە قازی**: بابم کتێبخانەیەکی زۆر گەورەی هەبوو، کاک سەلاحی ئاشتی هات، کاکم گوتی کتێبخانەکەی بدەنێ بۆ کاک مەسعود. بابم بەردەوام کتێبی دەخوێندەوە. لە ئەمریکاوە گۆڤاری بۆ دەهات. دایکم هەموو ساڵێک کتێبەکانی پاک دەکردەوە، جا دیار بوو هەندێک لە کتێبەکانی تەواو نەکردبوو، لەو شوێنەی راوەستابوو کاغەزی لەنێو دانابوو. یەک دەقیقەش کتێبی لە خۆی دوور نەدەکردەوە.

**رووداو**: جەنابی پێشەوا بە چەند زمان قسەی دەکرد و دەینووسی؟

**مونیرە قازی**: حەوت زمانی دەزانی. رووسی و ئینگلیزی و فەرەنسی وەکو زمانی دایکی دەزانی.

**رووداو**: پرس و رای بە دایکت دەکرد؟

**مونیرە قازی**: بەڵێ بەڵێ زۆریش، من هەمیشە بە کوڕەکەم دەڵێم بابم هەموو پرس و رایەکی بە دایکم بوو، دایکم ژنێکی زۆر عاقڵ بوو. دایکم حیزبێکی تایبەت بە ژنانی دامەزراندبوو بە ناوی حیزبی پایان.

**رووداو**: ئەو حیزبە بەربڵاو بوو یان هەر لەنێوخۆدا بوو؟

**مونیرە قازی**: نەخێر تەواوی خانمی مەلاکان لەگەڵی بوون. ژنە دەوڵەمەندەکانی سابڵاغێ بوون. رۆژێک گوتبوویان پێشمەرگە کەموکوڕیی هەیە، دایکم گوارەکانی لە گوێی کردبووەوە، ژنەکانی دیکەش چاویان لەو کردبوو، زێڕەکانی خۆیان دانابوو.

**رووداو**: باوکت زۆرتر سەفەری کوێی دەکرد؟

**مونیرە قازی**: زۆرتر دەچوو بۆ تاران و باکۆ، هەتا جارێک لە باکۆ لەگەڵ کاربەدەستانی ئەوێ کۆبووەوە، لەوێ گوتبوویان دەبێ مهاباد ببێتە بەشێک لە ئازەربایجان، بابیشم لەوێ دەستی بە مێزەکەدا کێشابوو، گوتبووی ئێمە ئەگەر خزمەت بکەین، خزمەتی برا گەورە (تاران) دەکەین، بە خوشکی بچکۆلەی ناکەین. ئێمەی کورد دەبێ سەربەخۆ بین.

**رووداو**: لە ماوەی تەمەنی کۆماردا زۆرجار وەفدی ئێرانی دەهاتن...

**مونیرە قازی**: نەدەهاتن، کاتێک شەڕی سەقز بوو کە مەلا مستەفا و حەمە حوسێن خان لەو شەڕەدا بوون، دیلیان گرتبوون، زۆر کەس دەیانگوت تەماشا ئەو ئەسیرانە چۆن بەخێو دەکەن. بابیشم دەیگوت ئەوانە ئەسیرن دەبێ بە چاوی برا تەماشایان بکەین. دەڵێن سەرهەنگ هومایون جارێک خۆی کردبوو بە قەندفرۆش هاتبوو بۆماڵی بابم. کە ئەرتەشیش گەڕایەوە لە ڕێگا دەستیان بە کوشتنی خەڵک کردبوو، دەڵێن ٢٨ هەزار کەسیان کوشتبوو، باوکم بەرەو پیریان چووبوو بۆ ئەوەی چیدی خەڵک نەکوژن. پاشان بابم و ئەوان گیران و لە ماڵێک دانران پێش ئەوەی بیانبەنە سەربازخانە .

**ڕووداو**: چەند لە زیندان مانەوە؟

**مونیرە قازی**: نزیکەی چوار مانگ لە زیندان بوون.

**ڕووداو**: دەچوون بۆ لایان؟

**مونیرە قازی**: نەیاندەهێشت، ئەفسەر و سەربازەکان لەگەڵ بابم نانیان دەخوارد، پیاوەکان دەهاتن نانیان بۆ دەبردن. بەشی سەربازەکانیان بۆ جێدەهێشتن و بەشی بابیشمیان دەبردە ژوورێ. جارێکیان من چووم بۆ لای بابم، ئەو هێندە میهرەبان بوو، لەسەر زەوی خۆی درێژ کردبوو لە ژێر دەرگا تەماشای منی دەکرد، پاسەوانەکە کە ناوی سوڵوجو بوو، سکی پێ سووتابوو، منی ئیزن دا بۆ لای.

**ڕووداو**: چەند لای باوکت مایەوە، هیچی پێنەگوتی؟

**مونیرە قازی**: هەر ١٠ دەقیقەیەک مامەوە. پێیگوتم بە دایکت بڵێ با قژت بۆ چاک بکات. عیفەت خانی خوشکم لە من گەورەتر بوو، قژی لوول بوو، هەواڵی رادیۆی دەنووسییەوە و دەنێو قژی خۆی دەنا بۆ باوکم و ئەوانی دەبرد.

**ڕووداو**: لە زیندان کێ لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرد؟

**مونیرە قازی**: لە تارانەوە هاتبوون. لێکۆڵەری شا هاتبوو. کە قسەی بە ئاڵای کوردستان و کورد گوتبوو، باوکم هەستابووەوە بە کورسی لێیدابوو. محامییەکەی کەسێک بوو بەناوی سەروان شەریفی، ژنەکەی عەجەم بوو، هێندە سەرسام بوو بە بابم، لە داخان جلی ئەفسەری داکەند و ژنی کوردی هێنا و وازی لە ئەرتەش هێنا.

**رووداو: ئەی هەڵوێستی وەزیر و خەڵکی سابڵاغ چۆن بوو، هەوڵی ئازادکردنیان نەدا؟**

**مونیرە قازی:** نەخێر، هەتا دایکم دەیگوت کچم ئێمە ئەو خەڵکەمان بەخشیوە کە واژۆیان کردبوو قازی لە سێدارە بدرێ. جا نازانم لە ترسان بووە یان لە حەسوودیان، تەنیا یەک دوو نەفەر ئیمزایان نەکردبوو، گوتبوویان ئێمە بێ ئیمان دەبین چۆن شتی وا دەکەین.

**رووداو: وەرەیان چۆن بوو لە زیندان؟**

**مونیرە قازی:** زۆر شاد بوو، کە ئێمەی دەدیت زۆر خۆشحاڵ دەبوو، ئێمەی لەسەر کۆشی خۆی دادەنا.

**رووداو: هەندێک پارە لە ماڵەکەتاندا هەبووە دایکت پارەکە دەداتە مەلا مستەفا، ئەمە چۆن بووە؟**

**مونیرە قازی:** کە بارزانییەکان ڕۆیشتن نانیان بۆ کردن. کوپە پەنیریان بۆ خستنە نێو نانەکە. مەلا مستەفا زۆر کەیفی پێهاتبوو. گوتبووی دەچم دوعاخوازی لە میناخانم دەکەم. کاتێک هاتبوو زۆر سوپاسی دایکمی کردبوو، گوتبووی چۆنت زانی ئێمە پێویستیمان بە پێخۆرە، گوتی چۆن نازانم! ئێوە دەڕۆن و لە ڕێگاش کەس ناوێرێ یارمەتیتان بدات. جا من باشم لە بیرە دەستم لە پانتۆڵی مەلا مستەفا دەدا زۆرم پێ جوان بوو، مەلا مستەفا دەیگوت حەیف قازی محەممەد بە دەستی عەجەمۆکان لەسێدارە دەدرێ. ئەوکاتی ٣٠٠ تمەنمان لە ماڵێدا بوو دایکم بە پوورمی گوت ئەو پووڵەش ببە خزمەتی مەلا مستەفا. پووڵمان دەماڵێدا نەمابوو، دایکم کاتێک چوو پارێزەر بۆ باوکم بگرێ، لە دەرگای ماڵی چەند دەوڵەمەندێکی مهابادی دا، کەس یارمەتی نەدابوو، پێیانگوتبوو ئاگر لە ماڵێمان بەرمەدە. ئیدی پەنای بۆ جووەکان بردبوو، چوو بۆ لای دادە نیسان زێڕەکەی خۆی لەلای دانابوو و ٧٠٠٠ تمەنی لێ وەرگرتبوو بۆ پارێزەر. بەڵام دوای شەهیدکردنی باوکم خەڵک زۆر یارمەتیداین، بە تایبەتی گەنجەکان هەموو ئیشێکیان بۆ دەکردین.

**رووداو: دواییینجار مەلا مستەفا و قازی محەممەد کە یەکدییان بینی چییان گوت؟**

**مونیرە قازی:** هەر ئەوەی کە مەلا مستەفا باسی کردووە و دەڵێت زۆر داوای لە پێشەوا کردووە وەرە بڕۆین، بەڵام ئەو گوتبووی میللەتی خۆم جێناهێڵم.



سەرچاوە Serchawe

**رووداو:** ڕۆژی لەسێدارەدانی قازی محەممەد، چۆنتان زانی و خەڵک چی دەکرد؟

**مونیرە قازی:** پیاوێک لە ماڵەکەمان ئیشی دەکرد ناوی هاشم بوو، پارێزەری باوکم گوتی هاشم ئەو منداڵانە ببە ماڵی نەنکیان (دایکی دایکم) کە ماڵەکەیان بەسەر گۆڕەپانی چوارچرادا دەیڕوانی، بەڵام نەنکم دوو لە منداڵەکانی ناردنەوە و گوتی با تەنیا مونیرە لێرە بێ، بینیم لە مەیدانی چوارچرا دارەکانیان دادەکوتا. من نەمدەزانی چییە، بەڵام نەنکم لە خۆی دەدا و دەیگوت بۆ ئاغایان نەبێ. پاشان سەربازەکان هاتن پاڵیان بە نەنکم و خاڵمەوە نا. گوێم لە دەنگی باوکم بوو. هەر ئەوەندەم لەبیرە گوتی ئەوڕۆ قازی محەممەدێکی دەکوژن بەیانی هەزاران قازی لە دایک دەبن. دووجار تەنافی پساندبوو، هەردوو جارەکە لە چەند ئەفسەرێکی دابوو. دونیا بۆ ئێمە دەگریا.

**رووداو:** تا چەند تەرمەکان لەوێ مانەوە؟

**مونیرە قازی:** زوو بردیانن بۆ مزگەوت و پاشانیش بۆ سەر قەبران.

**رووداو:** خەڵک لەگەڵیان چوون بۆ گۆڕستان؟

**مونیرە قازی:** بەڵێ، بەتایبەتی خەڵکی فەقیر. دەوڵەمەندەکان زۆر دەترسان .

**رووداو:** چ شتێکی پێشەوا ماوە لەلای ئێوە لە مۆزەخانە بپارێزرێ؟

**مونیرە قازی:** جلەکانی، هێرۆخان داوای کرد و لە مۆزەخانە داینا. دایکم هەموو شتەکانی هەڵگرتبوو، هەموو شتەکانی ماون، بەڵکو مۆزەخانەیەکی گەورەی بۆ بکرێتەوە و لێی دابنێین.

**رووداو:** هیچ دەستنووسی هەبوو؟

**مونیرە قازی:** بەڵێ زۆری هەبوو، سێ نمایشنامەی نووسیبوو. د.قاسملو وەریگرت. دایکم شەش مانگ قاسلموی لە ماڵەوە شاردەوە. هاتن بیگرن دایکم کارێکی پێکردن هەر خواخوایان بوو بڕۆن. بۆ خۆشی لە یادەوەرییەکانیدا نووسیویەتی من تووەیی بووم، لە کتێبخانەکەی پێشەوا بووم بە دیموکرات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بانەمەڕی ٢٧٢٢ی کوردی = ئەپریلی ٢٠٢٢ی زایینی**

**نۆژەنکردنەوە: بانەمەڕی ٢٧٢٥ی کوردی = مای ٢٠٢٥ی زایینی**

